# مۆدێرنە و ڕاسیزم

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی گیرفان ژمارە (٢٧)**

**سەرپەرشتیاری گشتی**

**ئازاد بەرزنجی**

www.sardam.net

جۆرج تەرابیشی

# مۆدێرنە و ڕاسیزم

وەرگێڕانی
**شوان ئەحمەد**

سلێمانی ٢٠٠٣

## مۆدێرنە و ڕاسیزم

نووسینی: جۆرج تەرابیشی
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
بابەت: فکری سیاسی
دەرهێنانی هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژ: تاڤگە فائق
ژمارەی سپاردن: ٤٥ی ٢٠٠٣



**جۆرج تەرابیشی**

# پێرست


- پێشەکی.................................... ٩
-مۆدێرنە و ڕاسیزم......................... ١٣
-لێکبوردن.................................. ٢٣
-ڕیمۆن ئارۆن و پرسی دیموکراسی........... ٣٥
-نازیزم و کۆمۆنیزم.......................... ٤٦
-چەمکی هاوڵاتی............................ ٥٣
-مافەکانی مرۆڤ............................. ٦١
-کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمریکی................ ٧٣
-سەروەری نیشتمانی........................ ٨٣
- پۆست کۆمۆنیزم لە ئەوروپا................ ٩٠
-کۆتایی تاڵیبان............................ ١٠٠

## پێشەکی

یەکێك لە ڕۆشنبیرە دیارو چالاکەکانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیری عەرەبی "جۆرج تەرابیشی"یە. نەك هەر ئەوەندەش بگرە دەکرێت ئەم پیاوە وەك دیاردەیەکی ڕۆشنبیریش سەیر بکەین، چونکە لەیەك کاتدا هەم وەرگێڕێکی بە سەلیقەو ڕەخنەگرێکی پڕ بەرهەم و هەم نووسەرێکی بە تواناشە..

ئاوەدانییەك کە بە کتێبخانەی عەرەبییەوە دیاربێت لە بواری وەرگێڕاندا، فەزڵی گەورەی بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی قەڵەمی ئەم ڕۆشنبیرە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتخایەندا، توانی بەرهەمەم گەلێکی بواری دەرونشیکاری "سیگمۆند فرۆید" و فەلسەفەی مارکسیزم و بونخوازی فەڕەنسی، لەگەڵ چەندین کتێبی فیکری و ڕۆمانی بەناوبانگی ڕۆمان نووسە جیهانییەکان وەربگێڕێت.

لەگـەڵ ئـەم کارانەشـدا وەختێـك پەرژایــە ســەر نووسین و بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕەخنەیی تازە، کەوتـــە تـــاوتوێکردنی بەرهەمـــە ئەدەبیـــەکانی ڕۆماننوســـانی جیـــهانی عـــەرەبی وەك: "نـــەجیب مەحفوز، حەنامینە، محەمەد دیب، لەیلا بەعلەبەکی، نەوال سـەعداوی، سـوهێل ئیدریـس و... هتـد"، لـەم بوارەشدا توانـی ئاسـۆیەکی نـوێ لەبـەردەم ڕەخنـەو لێکۆڵینـەوە ئەدەبیـەکانی سـەردەمی خۆیـدا بکاتـەوەو شێوە نووسینێکی تازە لەوبوارەدا بخوڵقێنێت.

لـە هەشـتاکانی ســەدەی ڕابردووشـەوە کـاتێك دەستی دایە پڕۆژەیەکی ڕەخنەیی لە بواری فەلسەفەو فیکـری عــەرەبی ئیسـلامیدا، بــە شــایەدی زۆر لــە کارشناسـی ئـەو بـوارە توانیویـەتی کـاری زۆر مـەزن بکات و بیروبۆچوونی زۆر لە بیرمەندە ناسـراوەکانی ئــەو کایــە بخاتــە ژێــر پرســیارەوە. ئــەو کتێبــە ڕەخنەییانـەی لەم دەپانزە ساڵەی دوایدا کـە لەسـەر هەریـەك لـە "د. حەسـەن حەنـەفی و د. محەمـەد عـابد جـابری" نووسـیونی، نموونەیـەکی گــەورەی توانــاو بەهرەمەندی ئەون لەو بوارەدا.

بــە تەنیشــت هــەموو ئـەوکارە ڕۆشــنبیری و فیکرییە جدیانەشەوە "تەرابیشی" لە ڕێگەی هەندێك ڕۆژنامــەو گۆڤاریشــەوە، چــەند ســاڵێکە خــەریکی

ئـەنجامدانی کـارێکی کەیـە کـە لـە ڕووی گرنگییـەوە هیچی لـە پڕۆژەکـانی تـری کەمترنییـە. ئـەو کارەشـی بریتییـە لـە خوێندنـەوەو ڕانـانی ژمارەیـەك کتێبـی فیکـری تـازەو پـڕ بایـەخ کـە بـە زمـانی فەڕەنسـی دەردەچـن و ئـەم لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی (الحیـاة) و گۆڤـاری (ابـواب)ەوە، دەکەوێتـە خوێندنـەوەو ناساندنیان.

خوێندنەوەی کتێب لەسەر دەستی "تەرابیشی" لـەماوەی ئـەم دەسـاڵەی دوایـدا، بۆتـە هونـەرێکی تایبەتی و ئەو شێوازەشی ئەو لە خوێندنەوەو ڕانانی کتێبـدا دەیگرێتـە بـەر زۆر دەگمـەن و ناوازەیـەو لەوەوبەر کەسێك نادۆزینەوە داهێنانێکی لەمجۆرەی کردبێت.. ئەو کەدێت کتێبێکت بەردەست دەخات و خوێندنەوەی بۆ دەکات، دوای تەواو بوونی دەگەیتە ئەو حاڵەتەی سەرجەمی کتێبەکەت تاوتوێ کردبێت و پێویستت بەوە نەمابێت جارێکیتر بەو کتێبەدا بچیتەوە.

"تەرابیشی" لـە خوێندنـەوەی هـەر کتێبێکـدا لێشاوێك زانیاری و لێکدانەوەی وردو ئاماری تازەت بەردەست دەخات، هەندێ جار لە پشت ڕانانی ئەو کتێبانەوە ئەوشتانەشت پـێ دەڵێـت کـە دەبـوو ئـەو کتێبە باسیان بکات و نەیکردووە یاخود بە سەریاندا

تێپــەڕبووە.. ئێمــە لــێرەدا و لــەم نامیلکەیــەدا هەڵبژاردەیــەکی ئــەو خوێندنــەوەی کتێبانــەمان ئامادەکردووەو کردومانەتە کوردی کە "تەرابیشـی" لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا بڵاوی کردوونەتەوە، بەو ئومێدەی ئێمەش لەم هونەرە تازەیەی ئەم ڕۆشنبیرە گەورەوە شتێك لە ئەزموونی خوێندنەوەی کتێب فێرببین.

وەرگێڕ
٢٠٠٣/١/٥

## مۆدێرنەو ڕاسیزم

ئەوە مۆدێرنەیە کە ناو لە ڕاسیزم دەنێت، بەڵام وەك دیاردەیەك ڕاسیزم داهێنانی مۆدێرنە نییەو تەنها لەنێوان ماوەی دوو جەنگی جیهانی و لە ساڵی ١٩٣٣ دا ئـەم چەمکـە هاتـە نـاو فەرهـەنگی زمـانی فەڕەنسـییەوە. بـەڵام دەتوانـین لـەناو تـەواوی شارسـتانییەتە دێرینـە ناسـراوەکاندا ئـەم دیاردەیـە ببینینـەوە، بە تایبەتی لەناو ئەو شارستانیانەدا کـە خاوەنی نووسین بوون.. یۆنانییـەکان تەواوی گـەلانی دیکەیان بە (بەربەری) ناو نووس دەکرد، ئیتر ئاستی شارسـتانییەتیان هـەرچۆنێك بوایـە... شاسـتانیەتی عەرەبی ئیسلامیش لای خۆیەوە ئیشکالیەتی عـەرەب و عەجەمی هەبووە، بەڵام بەبی ئەوەی (عەجەم) مایەی تەشەرو تانـەلێدان بێـت. پێـوەری ڕەگەزپەرسـتی لـە شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیدا ڕەگەزنەبوو، بەڵکو ڕەنگی پێست بوو، ئەوی دی نەبوو، بەڵکو تەنها ڕەش

پێستەکان بوون. ئەمەش مایەی دۆنیەت و بەکەم زانین بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەدەبیاتی نسرۆپۆلۆژی "جاحظ" و چامە بەناوبانگەکەی "موتەنەبی"یە دەربارەی "کافور". لە ڕاستیدا ئەو موفارەقەیەی لەنێوان کۆنی دیاردەی ڕەگەز پەرستی و تازەیی ناوەکەیدا هەیە، تەعبیرە لە هەڵوێست گۆڕین لە ئاست ئەو دیاردەیە. لە سەرەتادا ڕەگەزپەرستی مومارەسەدەکرا بەبێ ناولێنان و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەلایەن هەندێك کۆمەڵگەی دیاریکراوەوە شتێکی پەسەندبووە، بەڵام لەو کاتەوەی کە ناونرا، ئیتر وەك دیاردەیەکی سلبی دێتە پێش چاو.

ئەمڕۆکە تەنانەت ئەوانەشی کە ڕەگەز پەرستن، ڕازی نین ئەو سیفەتەیان بدرێتە پاڵ. گومان لەوەدا نییە کە مۆدێرنە زەمینەیەکی بەپیتی بۆ گەشەسەندنی ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستەکان خوڵقاند، بەڵام لەبەرامبەریشدا هەرمۆدێرنەبوو کە زەمینەی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی ڕیشەیی لە ڕەگەزپەرستی خۆشکرد.

بەڵام نەهێنی ئەم دوو فاقێتیەی مومارەسە و تیۆریاکانی مۆدێرنە لە بەرامبەر ڕاسیزمدا لە چیدایە؟

دەکرێـت بڵێـین سـەرەتا و بـەر لـە هەرشـتێ لـە مێژوودایـە: مێـژووی مۆدێرنـە خـۆی لـە سـاتەوەختی دروسـت بوونیــەوە. ئـەمڕۆ کۆدەنگەیــەك هەیــە کــە مێــژووی هاتنــە ئــارای مۆدێرنــە بــە دۆزینــەوەی کیشــوەری ئــەمریکا دیاریدەکــەن. دۆزینــەوەی ئــەم کیشوەرە لە سەرەتاوە پەیوەست بوو بە مومارەسەو هــەروەها بــە تیۆریایــەکی ئەنســرۆپۆلۆژیەوە، نیشتەجێبوونی پیاوی سپی (ئیسپانی- پورتوگالی) لــە قۆنــاغی یەکــەمدا و (ئینگلــیزی- ئیرلــەندی) لــە قۆناغی دووەمدا، لەسەر زەمینی ئەو کیشوەرە تازە دۆزراوەیــە، هــەر لــە ســەرەتاوە بــە پاکتــاوکردن و قڕکردنــی هندیــە ســوورەکان دەســتی پێکــرد کــە دانیشتوانی ڕەسـەنی ناوچەکـەبوون.. ئـەم پرۆسـەی پاکتاوکردنی ڕەگەزیەش بەو خەمساردی و ویژدانـە ئارامـەوە ئـەنجام نـەدەدرا، گـەر پشـتی بـەو تیۆریـا ئەتنیکیـە نەبەسـتایە کـە نـەك وەك بوونـەوەرێکی ئینســانی، بــەڵکو وەك ئــاژەڵێك ســەیری هندییــە سوورەکانی دەکرد.

کــاتێك پیــاوی ســپی، دوای پاکتــاوکردنی دانیشــتوانی ئــەو کیشــوەرەیان شــاربەدەرکردنیان پێویستی بە دەستی کار هـەبوو بۆ ئاوەدانکردنـەوەی هەموو ئەو زەوی و زارە پان و پۆڕەی لەوێدا هەبوو،

ناچاربوو ڕووبکاتــە کیشــوەری ئــەفریقیا تــا لــەوێ ملیۆنەها ڕەشپێست بۆ مەبەستی کارپێکردن ڕاپێچی ئەمریکا بکات.

هاوکــات ئــەم پرۆســـەی بـــە کۆیلـــە کردنـــەش پێویســتی بــەوە هــەبوو پشــت بــە تیۆرێکــی ڕەگــەزی ببەستێت تا پاساوی بۆ بهێنێتەوە: وەك سورپێست مـرۆڤ نییـە و ئەگـەر مـرۆڤ بوایـە ئـەوا خـوا بەسـپی پێست دروستی دەکرد..

لەسـەردەمێکی تـردا مومارەسـە کۆلۆنیالیـەکانی پیـاوی سپی لـە ئەفریقای ڕەش پێسـتدا، زیـاتر ئـەو تیۆریا ڕەگەزپەرستانەی چەسپاند کە لەسـەر پێوەری ڕەنگــی پێســت ڕاوەســتاوە. کۆلۆنیــالیکردن وەکـــی کۆیلایـەتی و پاکتـاوکردنی ئینسـان نـابێت هـەروا بـێ پەردەو بێ هۆ بێت، چونکە کۆلۆنیالیکراویش دواجار مرۆڤەو بەم پێیەش ئەو کەسەی بەمکارە هەڵدەستێ پێویســتی بەوەیــە پاســاوێکی ئـــەخلاقی بـــۆ ئـــەوە بهێنێتــەوە. لــێرەوە گریمانــەی (پـــەیامی شارســـتانی پیاوی سپی) سەرهەڵدەدات و دێتە ئاراوە.

بەڵام بەو پێیەی ڕاستگۆیی تایبەتی مۆدێرنە لـە زانست دایە، وەك چۆن ڕاستگۆیی کۆمـەڵگاکانی بـەر لە مۆدێرنە لـە ئایین یـاخود لـە ئەفسـانەدابوو، ئەوابـە ناچاری دەبوو تیۆریای ڕەگەزپەرستی بەرگی زانستی

بپۆشیایەو لە فۆرمێکی زانستی‌دا خۆی نیشان بدایە. ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە زاناکانی بواری ڕەگەزناسی و زمانناسی و عەقڵی مرۆڤایەتی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، دەیگرنە ئەستۆو پێی هەڵدەستن.. بەوپێیەی کە سەدەی نۆزدەهەم سەدەی ناسیۆنالیزمیش بوو لە ئەوروپا، ئیتر تیۆریای ڕەگەز پەرستی دەست بەرداری ئەوە بوو کە تەنها لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست جیاوازی بکات، بەڵکو جیاوازیکردنی خەسڵەتێکی ئەتنیکیانەی وەرگرت.. ئەمەش لەو باوەڕەوەی کە مرۆڤەکان تەنها بە ڕەنگی پێستیان لە یەکتر جیانین، بەڵکو بە ڕەگەزیشیان جیاوازن. وەك چۆن هەندێك مرۆڤ هەن ڕەنگی پێستیان وایان لێدەکات دابەزنە ئاستێك نزمتر لە ئاستی ئادەمیزاد، بە هەمان شێوەش مرۆڤ گەلێك هەن لە ڕێی ڕەگەزیانەوە بەرزدەبنەوە بۆ ئاستێك لەسەر و ئاستی ئینسانەکانی ترەوە.

دەتوانین بێ دودلی سەدەی نۆزدە بەسەدەی گەران بە دوای پیوەرو بەلگە زانستییەکان بۆ سەلماندنی جیاوازی نیوان رەگەزەکانی ئینسان ناونووس بکەین، هەر لە بەلگەی تویکاری زانای سکۆتلەندی "رۆبرت کنوکس"ەوە کە لەسەر بیرۆکەی (گۆشەی سەر) دامەزراوەو جیاوازی دەکات لەنیوان

تەپڵە سەری پیاوی سپی کە خڕە و ئاستی بەرزتر، لەگەڵ تەپڵەسەری پیاوڕەش کە درێژەو لەدۆخی ئاژەڵییەوە نزیکترە، تا دەگات بەو بەڵگە زمانەوانیانەی "ئەرنست ڕینان" کە پێی وایە عەقڵی ئاری نەژادەکان لەسەرو ئەقڵی ئەوانەوەیە کە سامی نەژادن. ڕەگەز پەرستی زانستی لەگەڵ نازیزمدا گەیشتە ئەوپەڕی ساتەوەختی شکۆمەندی خۆی. ئایدیۆلۆژیای نازیزم کە هەر لە بنەڕەتدا لەسەر تێزەی بالادەستی ڕەگەزی ئاری و لقە ئەڵەمانییەکەی دامەزرابوو، هەوڵێکی زۆری بە بەخەرجدا بۆ ئەوەی مەرجەعیەتێکی زانستی و یەقینی بۆ وتەزای ڕەگەز بدۆزێتەوە.

لەم پێناوەشدا هەوڵ و توانای زانایان و پسپۆڕانی سەرجەم کایە مەعریفیەکانی وەك: (بواری پزیشکی و بیۆلۆژیاو کیمیا و بۆماوەزانی و ئەنسرۆپۆلۆژیاو مێژوو دیموگرافیا و تەنانەت ئارکیۆلۆژیا)شی خستەگەڕ، بەلام بەهۆی هەموو ئەو تاوانە درێوانەی نازیزم لەژێر پەردەی (ڕەگەزو نەژاد)دا ئەنجامیدا، دەست بەجێ و لەگەل ڕوخانی نازیزمدا ئەم وتەزایە هەموو جۆرە ئیعتبارو پێودانگێکی زانستیانەی خۆی لە دەستدا. ئەم حاڵەتەش بەر لەوەڕوویدا کە دامەزراوە زانستیە

نێودەوڵەتیـەکان و لیژنـەکانی ڕێکخـراوی یۆنسـکۆ دەست بخەنە ناو ئەم بوارەوە. یۆنسکۆ لای خۆیەوە هەڵمەتێکی جیهانی دەست پێکرد بۆ لابردنی ئایدیای ڕەگـەزی مرۆڤایـەتی، بـەڵام دوا قسـە لـە سـەر ئـەم مەسـەلەیە دەبـوو زانسـت خـۆی بیکـات.. ئـەوەبوو زانسـتی جینـە بۆماوەییـەکان، زانسـتێك کـە بـەهۆی مایکرۆسـکۆبە ئەلکترۆنییەکانـەوە لـە دوو دەیـەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەشەیەکی گەورەی کرد، گەیشتە ئەوەی بونی هـەرجۆرە جیاوازیـەکی جینـی لەنێوان ڕەگـەزەکاندا ڕەتبکاتـەوە. ئـەوماوە جینیـەی لەنێوان ئەندامانی یەك ڕەگەزدا هەیە گەورەترە لەوەی لە نێوان ڕەگـەزە جیاجیاکاندا هەیـە، بـەڵام هەرەسـی ڕەگەزپەرستی زانستی لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا، نەبووەمایـەی ئـەوەی ڕێ لـە هاتنـە ئـارای فۆرمێکـی تازەی ڕاسیزم بگرێت لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا و ئـەو ڕاسـیزمە نوێیـەش ڕاسیزمێکی کلتووری بوو.

ساڵی ١٩٦٨ لە شاری بیرمینگهام کە مەڵبەندی پیشەسـازی وڵاتـی ئنگلسـتانە "ئینـۆخ پـاوڵ"ی ئەندامی پارتی پارێزگـاران وتـارێکی مێژوویـی داو، لەو وتارەدا پێشـبینی ئـەوەیکرد کـە لـە بەریتانیادا لافاوی خوێن هەڵدەستێت، گەر بێتو بەو شـێوەیەی

ئێستا سیاسەتی کۆچکردن بەردەوام بێت و کار بەو یاسایانەش بکرێت (کە بە قەسەی ئەو) پەیڕەوی سیاسەتی ئاپارتاید دەکات لە بەرژەوەندی بەریتانیە ڕەشپێستەکان دژ بە سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە. ئاشکرایە ئەم (ڕاسیزمە نوێ)یەی کە توێژەری سیاسی بەریتانی "مارتن پارکەر" ناوی لێنا لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە ساڵی ١٩٨١ و بەو ناونیشانەوە بڵاوی کردەوە، پەیوەستە بە پەرەسەندنی دیاردەی کۆچکردن بەرەو کۆمەڵگاکانی ئەوروپای خۆرئاوا. ئەوەی ئەم ڕاسیزمە نوێیە لە ڕاسیزمی پێشوتر جیادەکاتەوە، ئەوەیەکە ئەو گوتارەی لە دژی کۆچبەران لە ئارادەیە لە ئاستی بەکەم سەیرکردنێکی بایەلۆژیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی جیاوازی کلتووری.

ئەم گوتارە (واتە گوتاری ڕاسیزمی کلتووری- و-) وەك ئەوەی ڕاستە توندڕەوەکانی ئینگلستان و فەڕەنسا و ئەڵەمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئیتاڵیا کاری پێدەکەن -شەرعیەتی خۆی لە جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان یان تایەتمەندی ئەو کەموکوڕییە سروشتیانەی هەر گروپەو بەجیا هەڵگریەتی بە دەست ناهێنێت-، بەڵکو ئەوەی ئەم لەسەری ڕادەوەستێت جیاوازیە لە کلتوورو زمان و ئایین و

داب و نەریتدا. ئەمانە پێیان وایە یەکگرتوویی و یەکانگیری نەتەوایەتی کۆمەڵگەکانی ئەورووپای خۆرئاوا، لەبەردەم هەڕەشەی لێکترازان و لەبەر یەك هەڵوەشاندایە لە پای ئەو لێشاوی کۆچەی لە ولاتانی کۆمەنوێلس و ولاتە کۆلۆنیالیکراوەکانی پێشووەوە درێژەی هەیە.

بە بۆچوونی ئەم گوتارە، کلتوور جێگای سروشت دەگرێتەوەو وەکو ئەو بەنەگۆڕی دەمێنێتەوەو ئەگەری تێکەڵبوونی لەگەڵ کلتوورێکی تردا بەشتێکی نەشیاو دەزانێ. کەواتە ڕاسیزمی کلتووری ڕاسیزمێکی جیاوازیخوازە. ئەم گوتارە لەوڕووەوە ئەوی دی ڕەتدەکاتەوەو قبوڵی نییە کە سەر بە کلتوورێکی جیاوازە و هەر کلتوورەش جەوهەرێکی نەگۆڕی خۆی هەیە و هەماهەنگیان لە نێواندا دروست نابێت. ئەوەی لەم مەسەلەیەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەوبەڵگە نەویستەی ڕاسیزمی کلتووری لێیەوە دەست پێدەکات، هەمان ئەو بەڵگە نەویستەیە کە بزاوتە فێندەمێناتالستەکانی ئەمڕۆ بڕوایان پێیەتی.

لای هەر یەك لە فێندەمێنتالستەکان و ڕاسیزمە نوێیەکان کلتوور ئەو دوا ڕاستییەیە کە تێپەڕاندنی مەحاڵە. لێرەوە وتەزای جیاوازبوون دەگاتە ئاستی

بەخۆدا چەمانەوەو داخرانێکی ڕەها بەسەر خودا، بە ڕادەیەك هەموو ئەوانە ڕەتدەکاتەوە کە سەربە کلتوورێکی دی و ئایین و ترادسیۆنێکی ترن.

لە بەرامبەر ئەم داخرانە بەسەر خوددا، ئیتر لەلایەن ڕاسیزمەکانەوە بێت یان فێندەمێتالستەکان، مۆدێرنە پێشنیاری ئایدیای مرۆڤ دەکات وەك بوونەوەرێکی گەردوونی. مرۆڤ لە هەرجێیەك بێت و سەر بە هەر کلتوورێك بێت چون یەکە لەگەڵ ئەوانی ترداو پێویستە هەمان مافەکانی ئەوانی هەبێت.

ئەم لۆژیکە یۆنڤێرسالی و یەکسانیخوازە شفاعەت بۆ هەڵە مێژووییەکانی مۆدێرنە دەکات و چاوپۆشیان لێدەکات. ڕاستە لە سایەی مۆدێرنەدا جۆرەها بزاوتی ڕەگەزپەرستی پەرگیر پەرەیان سەندو هاتنە ئارا، بەڵام هاوکات ئەوەش ڕاستەکە بەبێ لۆژیکی مرۆڤی گەردوونی کە مۆدێرنە ڕەواجی پێدا و هێنایە ئارا، هیچ بەهانەیەکی لۆژیکی شك نابەین بۆ بەرگرتن بە ڕاسیزم و بەرەنگاربوونەوەی.. کەسێك کە بڕوای بە جیاوازی ڕیشەیی لەنێوان مرۆڤدا هەبێت، چۆن دەتوانێت بەگژ ڕاسیزمدا بچێتەوە؟ لەکاتێکدا تەنها کاری ڕاسیزم ئەوەیە کە ئەم قەناعەتە لەسەر زەمینەی واقیع پراکتیزە بکات.

سەرچاوە: الحیاة / ژمارە (١٣١٥٥).

## لێكبوردن

له نوسینی ئه‌م كتێبه‌دا:

*(Francoise Barret- Duc Roq (ed). L'Intolerance. Grasset, Paris. 1998. 297 Pages)*

په‌نجا نووسه‌ری جیهانی به‌شداربوون– پێنج له‌وانه عه‌ره‌بن–. ته‌وه‌ری سه‌ره‌كی كتێبه‌كه قسه‌كردنه له‌سه‌ر چه‌مكی (لێكبوردن). بێگومان ئه‌م چه‌مكه به‌رهه‌می قۆناغی مۆدێرنه‌یه و ئه‌و په‌نجا رۆشنبیره‌شی لێره‌دا تاوتوێی ئه‌م چه‌مكه‌یان كردوه له رووی (مێژوویی و فه‌لسه‌فی و تیۆلۆژیه‌وه) كه‌وتونه‌ته باسكردنی، ئه‌ویش به گه‌ڕانه‌وه بۆ سه‌رجه‌م كلتوره‌كانی دنیای كۆن و ناوه‌ڕاست و به‌تایبه‌ت دنیای تازه، ته‌بان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه ئه‌م چه‌مكه به‌رهه‌می سه‌رده‌می مۆدێرنه‌یه.

ئه‌قڵی مۆدێرن به ئاقاره لیبرالیی و پلورالیزمیه‌كه‌یه‌وه‌و به پێچه‌وانه‌ی ئه‌قڵی دۆگمایی‌و تاك ره‌هه‌ندی سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاسته‌وه، توانی ئه‌م

چەمکە بگەیەنێتە ئاستی فۆرمەلەکردنێکی تیۆری، ئەویش لەڕێگای (پەیامێك دەربارەی لێکبووردن) کە سالی ١٦٨٩ "جۆن لۆك"ی فەیلەسوفی ئینگلیزی بلاوی کردەوە. "لۆك" لەو کتێبەدا داوای یەکسانی مافی بۆ تەواوی ئاینزاو دەستەو تاقمەکانی کۆمەلگەی مەدەنی ئینگلیزی دەکرد، هەر لە پرۆتستانتەکانەوە بۆ کاتۆلیکیەکان و بەبێ ئافەرۆزکردن و وەلاوەخستنی (بت پەرست و موسلمان و یەهود)ی. ئەمەش لەسەر بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەلاتی دەولەت لە دەسەلاتی کلێسا.

بەلام کاتێك دەلێین چەمکی (لێکبوردن) چەمکێکی مۆدێرنە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ نەفی ئەوە بکەین کە ئەم چەمکە چ وەك هەلوێست و چ وەك رەفتار پێشینەیەکی دێرینتری نیە. شارستانیەتە کۆنەکان سەرەڕای تاك رەوییان، لە هەلوێستی کرانەوە بەسەر پلورالیزمدا خالی نین -ئەگەرچی نمونەشیان دەگمەنە-. ئەوەتا لە شارستانیەتی یۆنانیدا ئاقاری سۆفیستەکان دێنە ئاراوە و دژ بەو دابەشکردنە ئیتنۆ- سەنتەریزمە دەوەستنەوە کە دنیای کۆنی بەسەر گریك و بەربەریەکاندا دابەشکردبوو. ئەوەتا "ئەنتیفۆن" دەلێت: (تەواوی

مرۆڤایەتی بە ئازادی دێنە دنیا. ئیتر ئەگەر یۆنانی بن یاخود بەربەری بن).

لە شارستانیەتی هیلینیەکان و پاشان رۆمانیەکاندا، رواقیەکان دێنە ئارا -ئەمانە کەم تا زۆر رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر ناوچەکانی بەری خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست-، رواقیەکان خۆیان بە هاوڵاتی هەموو گەردون و برای تەواوی مرۆڤایەتی دەزانی، تەنانەت ئەوانەشی کە کۆیلەو ژێردەستە بوون.

لەناو شارستانیەتی ئیسلامیشدا دیارترین ئەو کەسانەی داوای لێکبوردن و کرانەوەیان بە رووی ئەوی دیدا دەکرد، فەیلەسوفان و عارفەکان بوون. ئاقاری فەلسەفی ناوە دیارو مەزنەکانی وەك "کەندی و فارابی و ئیبن روشد" نوێنەرایەتیان دەکرد. هاوکات "اخوان الصفاء"یش لە نووسین و پەیامەکانیاندا داوایان لە (دۆست و برایانیان دەکرد کە دژایەتی هیچ زانستێك لە زانستەکان نەکەن و سوکایەتی بە هیچ کتێبێك نەکەن و رق و کینەش لە هیچ ئاینزایەك هەڵنەگرن، لەبەرئەوەی حەقیقەت هەرچەندە دەرکەوتنەکانی جیاوازو جۆراوجۆر بێت، بەڵام دواجار هەر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ یەك پرانسیپ و دەگەڕێتەوە سەر یەك جیهان).

هـەرچی ئاقـاری سـۆفیگەری کراوەشـە ئـەوا دیارترین کاراکتەری "مەنسووری حەللاج و محیّدین ئیـبن عـەرەبی" بـوون. سـەبارەت بـە "حـەلاج" سـەربوردەیەکی بـەناوبانگ هەیـە دەگێڕنـەوە دەڵێـن: ڕۆژێـك سـەردانی یـەکێك لـە خوێندکارەکـانی خـۆی دەکات بەناوی "عەبدوڵلای کوڕی تاهیری ئـەزەدی" و دەبینێت لە بازاڕێکی شاری بەغدادا لەگەڵ پیاوێکی جولەکـەدا بەشـەڕ هـاتووەو جنێـوی پێـدەدات، "حـەللاج" بـە تووڕەییـەکی زۆرەوە سـەیرێکی "عەبدوڵلا" دەکات و پێی دەڵێت: (جنێوی پیّ مەدە چونکـە عاقیبـەت ئـەو جنێوانـە بـەر خـۆت دەکـەون. ئایینەکان هەر هەموویان ئایینی خوای پەروەردگارن. کـوڕی خـۆم چاك بزانـە یەهودیـەت و مەسـیحیەت و ئیسـلامو ئایینـەکانی دیکـەش نـاو و نازنـاوی جیاجیـان، بـەلام لـە جەوهـەردا یـەك شـتن و لێـك جیـاوازنین). هـەر بەهـەمان نەفـەس "ئیـبن عـەرەبی" هەندێك لە جوانترین شیعری خۆی دەچڕێت و دەڵێت:

دڵی من بۆتە هەڵگری هەموو وێنەیەك
مێرگی ئاسکەکان و کڵێسای ڕەبەن
خانووی بتەکان و کەعبەی تایف
لەوحەکانی تەورات و قورئان
ئیمان بە ئاینی خۆشەویستی دێنم، ڕووی خۆی لەهەر جێگایەك بکات
چونکە خۆشەویستی ئایین و ئیمانی منە.

لەڕاستیدا لەگەڵ دەرکەوتن و هاتنە ئارای ئایینە یەکتاپەرستیەکاندا (لێکبوردن و دەمارگیری) دەبنە بڕبڕەی پشتی مەسەلەی ئایینی. ئایینە یەکتاپەرستیەکان لە قۆناغی دروست بوون و سەرپێکەوتنیاندا دووچاری چەوساندنەوە هاتن، بەڵام دەوڵەتی سیاسی ئەو ئایینانە کە دادەمەزرێن، دواتر خۆیان دەبنە سەرچاوەیەك بۆ چەوساندنەوە. پێشوترو بەر لەم قۆناغە، کەمینە ئایینیەکان بوونیان نەبوو: چونکە لە کۆڕی خواکاندا (بانثیۆن) جێگای هەمووان دەبووەوە. بەڵام لەوکاتەوەی دەزگای دەوڵەت و ئایین لە دەسەڵاتێکدا یەکیانگرت و کۆبوونەوە، هەڵوێستی ئەم دەسەڵاتە لە کەمینە ئایینیەکان بووە پێودانگێکی سەرەکی بۆ لێکبوردن یاخود بۆ دەمارگیری. ئەڵبەتە مەبەست لە کەمینە ئایینیەکان بەتەنها کەمایەتی ئایینەکانی تر نیە، بەڵکو هاوکات مەبەست لێی ئاینزاکانی ناو یەك ئاینیشە. مێژووی پرۆتستانیەت نمونەیەکمان لەسەر ئەم دیالەکتیکی (لێکبوردن و دەمارگیریە) بەردەست دەخات، لە چوارچێوەی تەنها ئاینێکدا کە ئایینی مەسیحیە.

ئەوکاتەی پرۆتستانیەت لەسەر دەستی "مارتن لوثەر" و لەنیوەی یەکەمی سەدەی شانزەدا هاتە

ئـارا، نمونــەی ئـايينێكی ســنگ فـراوان و دوور لــە دەسەڵاتخوازی بوو. ئامانجی سەرەكی پرۆتستانیەت ئەوە بـوو كۆتـايی بـە هـەژمونی كڵێسـای كـاتۆلیكی بەسەر دەقە پیرۆزەكاندا بهێنێ‌و ئازادی لێكدانـەوەی دەقە پیرۆزەكان بە مافی هـەموو بڕواداریێك بزانێت و دەست كراوەیان بكات لەو پرۆسەیەدا.

دەســـتەی یەكـــەمی پرۆتســـتانت مەزهەبـــەكان بەدەســـت دەســـەڵاتی دنیـــای باباكانـــەوە دوچـــاری چەوساندنەوەیەكی زۆر هاتن. بەوپییەشی ژمارەیەكی زۆریـــان پـــەنایا بـــردە بـــەر هۆڵـــەندا، ئـــەوا (هەریمـــە یەكگرتووەكانی) كالڤینیەت- هۆڵەندا لەو سەردەمەدا بەم ناوە ناسرابوو- بووە نمونەی دەولـەتیكی بچووك و لیبرالی. بەڵام هینـدەی نـەبرد كالڤینـە -هۆڵەندیـەكان سـەربەخۆیی سیاسـی خۆیـان بەدەسـتهیناو كەوتنـە مومارەسەكردنی مافی تیۆلۆژی خۆیان بۆ بە ئازادی لیكدانـەوەی كتیبـە پیرۆزەكـان (تـەورات و ئینجیـل). ئیتر ئەم لیكدانەوەی خۆیانیـان بە تاكە لیكدانـەوەی راست و دروست دایە قەلەم، بەمـەش ئسـولیەتیكیان هینایــە جیگــای ئســولیەتیكی دیكــەو لــەریی تــاك رەهەندیەوە دەست بەرداری فرەیی و پلوراليزم بوون. هاوكات دەستیانكرد بە قەدەغەكردنی بڵاوكردنـەوەی هەموو بیروبۆچوونیك كە لەگەڵ لیكدانەوەی ئەوان بۆ

کتێبی پیرۆز ناکۆك و ناتەبا بوایە. بەمجۆرە ڕێگەیان لە خوێندنی ئاقاری گەردونناسی "کۆپەر نیکۆس و گالیلۆ" گرت، لەبەرئەوەی لەگەڵ (تەورات)دا ناکۆك بوو. پاشان دواترو -تا ئێستاش ئەم حاڵەتە هەر بەردەوامە- ڕێگەیانگرت لەوەی تیۆرەی "داروین" سەبارەت بە دروست بوون و پەرەسەندن بخوێندرێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ دیدگا تەوراتی و ئینجیلییەکەدا دەربارەی دروستکردنی مرۆڤ جیاوازو ناکۆك بوو.

هەربۆیە ئەدیبێکی وەك "ئەمبرتۆ ئیکۆ" دوودڵ نیە لەوەی فەندەمێنتالیزم- ئیتر سەر بە هەر ئایینێك بێت- بە سەرچاوەی سەرەکی دەمارگیری بداتە قەڵەم لە سەردەمی نوێدا-. لای "ئیکۆ" فەندەمێنتالیزم بریتیە لە ئاقارێك لە تەفسیر، بەڵام ئەو تەفسیرەی تەنها خۆی بەڕاست دەزانێت و تەواوی تەفسیرو لێکدانەوەکانی تریش بە هەڵە دەزانێت. زۆریش نابات ئەم تیۆلۆژیا تاك تەفسیریە دەبێتە خاوەنی مست و بازویەکی ئاسنین، کاتێك دەسەڵاتێکی سیاسی دەیکاتە عەقیدەی ڕەسمی دەوڵەت و بە زەبری هێز وەکی نمونەیەکی باڵا بۆ یاسا دانان و ژیانی سیاسی لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا دەیسەپێنێ.

بەم پێیەش نابێت دیاردەی دەمارگیری و توندڕەوی تەنها وەك دیاردەیەکی ئایینی پەتی

سـەیربکرێت، چونکـە هـەر سسـتمێکی سیاسـی/ تیۆلۆژی بووە خاوەنی هەر عەقیدەو ئایدیۆلۆژیایەك و هەوڵی دا بە زەبری هێز بیسەپێنێ‌و ڕێگە نەدات بە هاولاَتیانی جگە لەو ئایدیۆلۆژیایە هیچ شتێکی دی هەڵبژێرن، ئەوا ئەو سستمە سستمێکی دەمارگیرو توندڕەوە. ئەمەش خەسڵەتی سستمی سۆڤیەتی و بەرلەویش خەسڵەتی سستمی نازیزم بوو لە ئەڵمانیا. لە ئێستاشدا خەسڵەتی تەواوی بزاوتە سیاسیە فێندەمێنتالیستە هاوچەرخەکانە، ئیتر ئەو بزاوتانە ناوی ئایینیان لەخۆیان نابێت وەکی فێندەمێنتالیستی ئیسلامی یاخود هیندۆسی یان بەناوی ئایدیۆلۆژیەوە کاربکەن، وەکی حیزبی نازیە نوێیەکانی ئەڵمانیا یان پارتە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە فەرەنساو ئینگلتەراو ئیتاڵیادا.

لە بەرامبەر وەها هەلومەرجێکدا ئەوا چەمکی "لێکبوردن" لە دیدگایەکی ئیجرائیەوە بەکەڵك‌و پێویست نیە. بگرە هەندێك ڕۆشنبیر ڕایدەگەیەنن کە ئەوان چەمکی (لێکبوردن) ڕەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەوان ئەم چەمکە تەعبیر لە بارودۆخێکی ناهاوسەنگ و نایەکسان دەکات یان تەنانەت تەعبیر لە دۆخێکی دۆنیەت دەکات، چونکە (لێکبوردن) جۆرێکە لە چاوپۆشی لێکردن. بەمجۆرە تەنها ئەوانە

چاوپۆشی دەکەن کە لەسەرەوەن و لەوێوە لەوانە دەڕوانن کە لە خوار خۆیانەوەن، ئەمەش جۆرێکە لە خۆبەزل زانی و منەت بەسەردا کردن.

ڕەنگە ئەم چەمکە کەم تا زۆر پەسەندکراو و پێویست بێت بۆ لێك گەیشتن و مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتردا، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئاشنا نین بە یەکسانی دیموکراسی و کاروبارەکانی خۆیان بەپێی وتەزای هاوڵاتی بوون نابەن بەڕێوە. ئەم وتەزایەش بریتیە لە ئیلتزامێکی سەرەکی و دەستوری بۆ بە یەکچاو سەیرکردنی سەرجەم هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا، ئیتر سەر بە هەر ئایین و ڕەگەزێك بن و پێستیان هەر ڕەنگێك بێت. ئەم یەکسانیەی هاوڵاتیانیش تەنها ڕێگایەکە بۆ پێکەوە هەڵکردن لە چوارچێوەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، ئەو کۆمەڵگایانەی لە ئێستادا نە بە تاك ڕەهەندی ماونەتەوەو نە لەسەر پلەبەندی چینایەتی یاخود خێڵەکیانەش دامەزراون.

گروهێکی تری ڕۆشنبیران پێیان وایە کە مەرجی یەکسانی لەرووی یاساییەوە بە تەنها بەس نیە بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی (لێکبوردوو) بێتە ئارا، بەڵکو بوونی یەکسانی لەرووی یاساییەوە پێویستی بەوە هەیە کە لەهەمان کاتدا پەیوەست بێت بە بێلایەنی

دەوڵەتەوە لە بواری عەقیدەداو دەسەلاَتی سیاسی دەست لەوە بکێشێتە دواوە کە هیچ گوشارێك لەسەر ئازادی بیروڕا دروست بکات.

بێلایەنی ئایینی دەوڵەت مەرجێکی سەرەکی (لێکبوردن)ە. ئەو نمونەیەی "ئارڤن کوتلەر"ی مامۆستای زانکۆی کەنەدی لەم بارەیەوە دەیهێنێتەوە جێی سەرنجە، ئەویش نمونەی ولاَتی نەرویجە. وەك دەزانرێت ئەم دەوڵەتە بچووکە یەکێکە لە کۆنترین سستمە دیموکراسیەکانی ئەوروپا، لەگەڵ ئەوەشدا سیستمی سیاسی لەو ولاَتەدا وەکی پێویست نەبۆتە دەسەلاَتێکی عەلمانی. ئەوەتا دەستووری نەرویج پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێ لە (٥٠٪)، واتە نیوەی ئەندامانی حکومەت سەر بە کلێسای لۆثەری بن.

سەرەڕای ئەو گرەنتیە گەورانەی دەستوری نەرویجی لە روانگەی مافەکانی مرۆڤەوە پێشکەش بە هاولاَتیانی دەکات، بەلاَم بەم دواییانە پەرلەمانی نەرویجی یاسایەکی داڕشت و بەپێی ئەو یاسایە بواری خوێندنی گشتی دەکرێتە (مەسیحی). بە بیانووی ئەوەی مەسیحیەتی قوتابخانە لە کۆمەڵگایەکدا کە زۆربەی زۆری مەسیحین، تەنها ئامرازێکە بۆ برەودان بە بیرۆکەی (هاوچارەنووسی) و پێکەوە گرێدانی زیاتری هاولاَتیانی ئەو ولاَتە، تا

هەست بکەن نەرویج نیشتمانی هاوبەشی تەواوی هەموویانە بەبێ جیاوازی.

بەمجۆرە دەستوری نەرویجی چەمکی رۆشنبیریی زۆرینەی تێکەڵ بە چەمکی هاولاتی هاوبەش کردووەو بەمەش پێشێلی بڕیاری دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ کردووە، ئەو بڕیارەی ساڵی ١٩٧٦ دەرچوو تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت بۆی نیە لە رووی مەزهەبیەوە دەخالەت بکات بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئایینی دروست بکات، بەڵکو ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە بوار لەبەردەم جیاوازی و ئازادی بیروڕای ئایینی و فەلسەفی لە کایەی پەروەردەی گشتیدا بکاتەوەو ئەو فەزایە بپارێزێت.

رەنگە دوا قسە لێرەدا بۆ فەیلەسوفی فەرەنسی "پۆل ریکۆر" بێت. ئەگەرچی ئەم بیرمەندە (بڕوادارە) بیروبۆچونەکانی لە کۆمەڵێك قەناعەتی مەسیحیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە یەکەمین سەرچاوەی هەڕەشەو مەترسی دەمارگیری لە دنیای هاوچەرخدا، لەوەوەیە کە هەندێك دەوڵەت لە بواری بیروباوەڕی ئایینیدا لایەنگیری ئەوە دەکەن تا ئیمان بەسەر هاولاتیاندا بسەپێنن، ئەمەش بەتایبەتی لە چوارچێوەی مەشروعیەتی دەوڵەتدا

پەیڕەودەکرێت. ئەوەی پێویستە ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لەم مەسەلەیەدا بێلایەن بێت. ئەم بێلایەنیەی تەنانەت بۆ بیروباوەڕی ئایینیش کارێکی ئیجابیە، چونکە پێویستە ئەو ئیمان و بڕوایە لە ناخی مرۆڤەوە بێتەدەرێ و لەوێوە هەڵبقوڵێت، نەك بەزۆر بسەپێنرێ و پەیوەست بێت بە دەسەڵاتێکی دەرەکیەوە.

سەرچاوە: الحیاة / ژمارە (١٣٢٢٤).

# "ریمۆن ئارۆن"

# و

# پرسی دیموکراسی

زۆرجار بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوسەرێك لە پاش مردنی، دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی ئەو نوسەرە سەرلەنوێ بێتەوە ئاراو ناوی بکەوێتە ناو ناوان، بە تایبەت ئەگەر هاتوو لە ماوەی ژیانیدا تەریك کرابێت.. "ڕیمۆن ئارۆن" یەکێکە لەوانەی نەوەی ئێمە پەیوەندی لەگەڵ دابڕی بوو، چونکە ئێمە پێمان وابوو ئەو نوێنەری فیکری (ڕاستڕەوەکان)ەو بەم پێیەش هەموو ڕاستگۆییەکی زانستی و فەلسەفیمان لەبەر داماڵیبوو، لە بەرامبەر ئەمەدا هەموو دەنگی خۆمان دابوە پاڵ "ژان پۆڵ سارتەر" کە گەورەترین ڕکابەری "ئارۆن" و نوێنەری نمونەیی فیکری (چەپ) بوو لەو کاتەدا.

بەڵام ئەمڕۆکە دوای ئەوەی هەردوو وتەزای (چەپ) و (ڕاست) بڕێکی زۆری باقوبریقی خۆیان

لەدەستدا، "ڕیمۆن ئارۆن" بەوپێیەی یەکێکە لە نوێنەرە مەزنەکانی ئەنتلجنسیای فەرەنسی لە ماوەی پاش جەنگی دووەمی جیهانیدا، سەرلەنوێ دێتەوە ناوناوان و باسی لێدەکرێت.

ئەگەرچی یەکەمین کتێبی "ئارۆن" کە لە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاویکردۆتەوە بە ناوی (سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی مێژوو)ەوەیە، ئەوا ئەم کتێبەی تری کە پاش چواردە ساڵ لە مردنی خۆی بڵاودەکرێتەوە، دەیەوێت ناونیشانەکەی (سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی سیاسی) بێت و تاکە بابەتی سەرەکیشی بریتی بێت لە (دیموکراسی): دیموکراسی بە گێڕانەوەی بۆ لای خۆی لە لایەك و بە پەیوەندیشی بە شۆڕشەوە لە لایەکی ترەوە.

هۆکاری سەرەکی سەرکەوتویی "ڕیمۆن ئارۆن"یش ئا لێرەدایە: ئەو تا لە ژیاندا مابوو، ئایدیای (شۆڕش) بە ماوەیەکی زۆر لە پێش ئایدیای (دیموکراسی)یەوە بوو، بەڵام ساڵی ١٩٨٣ و لەگەڵ مردنیدا پێودانگەکان سەرلەبەر گۆڕان.

لە کاتێکدا (شۆڕش) بوو بە هاوتای نشوستی و نائومێدی، (دیموکراسی) وەکی بوکێك بە هەموو فەزیلەتەکانی سیاسەت خۆی ڕازاندەوە. بابەتی ئەم کتێبە چەند لێکچەرێکە کە "ئارۆن" ساڵی ١٩٥٤ لە

(قوتابخانەی نەتـەوەیی بـۆ بـەڕێوەبردن) پێشکەشـی کـردوە، ئـەم مەڵبـەندە بـەرزترین پەیمانگایەکـە لـە فەرەنسـادا بـۆ پێگـەیاندنی سیاسـەتمەداران لـەو وڵاتەدا.

لـەم لێکچەرانـەیدا "ئـارۆن" لـە موفارەقەیەکـەوە دەست پێدەکات کە ئاڕاستەی تەواوی هەڵوێستی ئەو دیاریدەکات. ئـەو مەسـەلەیەی ئـەو داکۆکـی لێدەکـرد (واتـە مەسـەلەی دیموکراسـی)، ئـەوکات لەوپـەڕی لاوازی و لەرزۆکیدا بوو. هەربۆیـە دەیویست داکۆکی کردنەکـەی لـە ڕوی زانسـتی و ئەبسـتمۆلۆژیەوە زۆر تۆکمەو پتەو بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی "ئارۆن" ڕقی لـە ئایدیۆلۆژیـا دەبـوەوەو پێـی وابـوو (ئـەفیونی ڕۆشنبیران)ە.

لـێرەوە "ئـارۆن" لـە تـەواوی ئـەو سـیانزە لێکچەرەیدا سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی پێناسـەیەکی ئیجرائی پەتی دیموکراسی بکات و خۆی لەوە لابدات هیچ جۆرە هەرایەکی ئایدیۆلۆژی بنێتەوە، بەتایبـەتی کە لەسـەرەتای پـەنجاکاندا و لە ناوەندی ڕۆشـنبیری فەرەنسیدا شەڕێکی گەورە لەسەر ئەم چەمکە دروست بووبوو.

"ئـارۆن" پێـی وایـە هـەر پێناسـەکردنێکی ئایدیۆلۆژی (دیموکراسی) لەباریدایە هەرایەك بنێتەوە

و دووبەرەکی بخاتەوە، بۆ نمونە پێناسەکردنی (دیموکراسی) بەوەی بریتیە لە (سەروەری گەل) دەچێتە چوارچێوەی پێناسەکردنی دوو چەمکی ئاڵۆز کە هەریەکەیان پێویستی بە پێناسەکردن هەیە، ئەو دوو چەمکەش بریتین لە: (گەل) و (سەروەری).

بۆیە لە ڕووی زانستی و لۆژیکیەوە چاکتر وایە (دیموکراسی) بە دامودەزگا نەك بە بیروبۆچوون پێناسەبکەین. بە کورتیەکەی دیموکراسی (سۆسیۆلۆژیانە نەوەك ئایدیۆلۆژیانە) بریتیە لە ململانێیەکی هێمن و شێلگیرانە لەسەر دەسەڵات. لە هەموو کۆمەڵگەیەکداو لەوکاتەوەی کۆمەڵگەو دەسەڵات هاتۆتە ئاراوە، کەسانێك هەن مومارەسەی دەسەڵات دەکەن. ئەو مۆرکە تایبەتیەشی دامودەزگای (دیموکراسی) پێدەناسرێتەوە، ئەوەیە کە مومارەسەکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای ململانێ و کێبڕکێی مەدەنیانە ڕێکدەخات بێ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا بگەڕێتەوە سەر ڕەگەز و ڕەچەڵەك (وەکی لە کۆمەڵگە ئۆرستۆکراتیەکاندا هەیە)، یاخود پشت بە زەبر و هێز ببەستێت (وەك لە کۆمەڵگە میلیتاری و ئەو کۆمەڵگەیانەدا لە ئارەدایە کە لەسەر شەڕو پەلاماردان دروست بوون)، نە دەشگەڕێتەوە سەر باوەڕو عەقیدە (وەکی ئەوەی لە کۆمەڵگە ئاینیە

کۆنـــەکان و کۆمەڵگـــە ئایدیۆلۆژیـــە تازەکـــاندا لـــە ئارەدایە).

جگـــە لـــەو تیروپشـــکەی لـــە دیموکراســـیەتی ڕاستەوخۆی ئەسینادا پەیڕەو دەکراو ڕەنگە لە کاتی پـەیڕەوکردنیدا سـەرلەبەر ڕۆڵـی کەسایەتی و بـەهرەو لێوەشاوەیی وەلاوە نـابێت، ئـەوا لـە دیموکراسـیەتی ناڕاسـتەوخۆ (نوێنەرایـەتیکردن)دا، هـەڵبژاردن تاکـە پرانسیپێکی ئەو گەمە مەدەنیەیە. بۆ ئەوەی کێبڕکێکە بەردەوام بێت و گەمەکە بە کراوەیی بمێنێتەوە نابێت هیـچ هـەڵبژاردنێك بـە دوا هـەڵبژاردن بزانرێـت، هـەر گەمەیەکیش گەر ڕێزی یاساو ڕێساکانی نەگیرێت لە یـاری دەردەچێـت و کۆتـایی پێدێـت. جـا بۆئـەوەی گەمەکە بەردەوام بێـت و درێـژەی هـەبێت، پێویسـتە قەناعـــەتێکی وا لای دەســـتەو تاقمـــە سیاســـیەکانی دەرەوەی دەسـەلات دروسـت بێـت کـە ئـەوان هـەموو هەلێکیان لەدەست نەداوە بۆئەوەی ڕۆژێك لـە ڕۆژان بگەنە دەسەلات.

تاکـــە ئـــەزمونێکی مێژوویـــی هـــەبێت کـــە تاقمێکی سیاسی دیاریکراو دوای سـەرکەوتنیان لـە هـــەڵبژاردندا و دوای خۆیـــان ڕێگـــەیان لـــە هاتنـــە سـەرکاری هـێزێکی سیاسـی دی گرتبێـت، ئـەزمونی نازییەکانی ئەڵەمانیایە. لەپای ئەم ئەزمونەشدا گەلی

ئەڵــەمانیاو تــەواوی گــەلانی دنیـــا بـــاجێکی زۆرو زەوەندیان دا.

ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئەمــەش بــەردەوام خــاڵی لاوازی (دیموکراســی)یــــە، چونکـــە (دیموکراســـی) ئەوکاتە دەتوانێت بەردەوام بێت کە هەموو لایەنەکان پێکـــەوە یاســـای گەمەکـــەیان قبـــوڵ بێـــت. بـــەڵام دیموکراسی (لانی کەمی لە ڕوی تیۆریـەوە) ناتوانێت ئەو حیزب و لایەنانە لە مافی هەڵبژاردن بێبەش بکات کە دەیانەوێت دەستورو ڕێسای گەمەکە بگۆڕن.

دیموکراسی خۆرئاوا لەگەڵ پارتە کۆمۆنستەکان و چەپە ڕادیکاڵەکاندا ڕوبەڕوی تەڵەزگەیەکی لەمجۆرە بـوەوە، چونکـە ئەوانـە دەیانویسـت بـە مەبەسـتی دەستکاریکردنی مەرجەکانی گەمـەی دیموکراسـی و تەنانـەت سڕینەوەشـی بەشـداری پرۆسـەی هـەڵبژاردن بکەن. ئەمڕۆکەش لەگەڵ پارتە ڕاسترەوە پەرگیرەکانی خۆرئاوادا ڕوبەڕوی هەمان کێشە بۆتەوە. ئەو پارتانـە دەیانـەوێت ئـەزمونی فاشـیزم لـە ئـەوروپادا دوبـارە بکەنەوە و مافی هەڵبژاردن قۆرغکەن بۆ کەمایەتیـەکی دیاریکراوی وەك سپی پێستەکان لـەو کۆمەڵگایانـەدا کـە زۆرینـەیان ڕەش پێسـتن، یـاخود ئـەو مافـە بـە هـــەندێك کەمایـــەتی وەکـــی کەمایـــەتی پەنابـــەرانی ئەوروپا ڕەوا نەبینن.

هەنوکـــە ئـــەم پەتایـــە جیـــهانی ســـێهەم و بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرتۆتەوە. لە چـەندین وڵاتـی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت و بـاکوری ئـەفریقیا زۆرێـك لـە بزاوتـە فێندەمێنتالیسـتەکان بـە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە ئەوان بەشێکی گەمەی دیموکراسیان پێ قبوڵە، تەنانەت نوێنەری هەندێ لەو بزاوتانـەش کـۆ لـەوە ناکەنـەوە بڵێـن: (هـەنگاوی یەکـەممان دوای بردنـەوەی هـەڵبژاردن، ناشـتنی دیموکراسـی و کۆتـایی پێهێنانیـەتی). ئـەوەی ئـەم قەیرانـەش لـە جیـهانی عـەرەبی و ئیسـلامیدا قوڵـتر دەکاتەوە (دوژمنانی دیموکراسی) کە حوکمڕانی ئەو وڵاتانە دەکەن، ئەم هەڵوێستەی فێندەمێنتالیستەکان وەك هەلێك دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی تا ئەبـەد پرۆسـەی دیموکراسـی لـە وڵاتـەکانیاندا بـە هەڵپەسـێردراوی بهێڵنەوە.

لیرەوە "ئارۆن" هەستا بە گۆرینی پیناسەکردنی خۆی بۆ (دیموکراسی) و پیی وابوو کە (دیموکراسی) بـە تەنـها بریتـی نیـە لـە ریکخسـتنی کیبرکییـەکی مەدەنیانـەو دوور لـە توندوتیـژی لەسـەر دەسـەڵات، بـەلکو هاوکات و لە بنـەرەتدا بریتیـە لـە قبولکردنـی پرانسـیپەکانی ئـەو کیبرکییـەش. (دیموکراسـی) بـۆ خۆی بریتیە لـە سستمی چارەسـەری مامنـاوەندی و

هــەموو جـــۆرە پـــەرگیری و توندرەوییـــەکیش رەت دەکاتەوە.

دیموکراسی لە بەریتانیادا دوای ئەوە هاتە ئارا کـە دەسـەڵاتی رەهـای فـەرمانرەوا سـنوردار کـراو بەرەبـەرە دەسـەڵات کەوتـە دەسـت پەرلـەمان، پەرلەمانیش بۆ خۆی ئەو جیگایەیە کە تویژ و چینە ناکۆکەکانی تیدا کۆدەبنەوە و لەناو خۆیاندا لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەکان ریکدەکەون. گەر ئەمەش نەکریت ئەوا حوکمرانی کردن و دەولەتداری کاریکی ئەستەم دەبیت.

چارەسەرکردنی ئەم کیشانە لەناو پەرلەماندا، لە قۆنـاغی یەکـەمیدا بـواری پەیوەندیـەکانی نیـوان فـەرمانرەواو چینـی ئۆرسـتۆکراتەکانی گرتـەوە، لـە دوەم قۆناغدا گەیشتە کایەی پەیوەندییەکانی نیوان چینی ئۆرستۆکراتی کۆن و چینی بۆرژوازی نویٚ. لە قۆنـاغی سیهەمیشـدا پـەیوەندی نیـوان نوینـەری هـەردوو چینـی ئۆرسـتۆکراتی و بـۆرژوازی لەگـەڵ نوینەرانی چینی کریکاراندا گرتەوە. گەر هەر چینیك لەو چینانە بیویستایە پەرلەمان بۆ خۆی پاوان بکات، ئـەوا چارەسـەرکردنی کیشـەکان بـە توندوتیـژی دەشکایەوەو (دیموکراسی)یش بونی نەدەما، یاخود گـەر هـەر دەسـتەو تـاقمیك بیویسـتایە لـە ریـی

توندوتیژیەوە بگاتە دەسەڵات و لە ریی توندوتیژیەوە گۆرانکاری بکات، ئەوا ئەمە بە دەرچون و لادان لە دیموکراسی حیساب دەکراو سەرەتایەك دەبوو بۆ چونە ناو جەنگیکی ئەهلی یان بەرپابونی شۆرش. بەمجۆرە کەواتە پرانسیپی دیموکراسی فەزیلەت نیە، بەلکو روحیەتی چارەسەرکردنی کیشەکانە بە شیوەیەکی ئاشتیانەو دوور لە توندوتیژی. فەزیلەتی سەرەکی دیموکراسیش لەمەدایەو مەبەست لیی ریزگرتنی ریسای گەمەکەیە. کەواتە مەبەست لە فەزیلەت مانای ئەخلاقی وشەکە نیەو (دیموکراسی) خۆی لە بەکارهینانی زمانی فەزیلەو ئاکار بەدوور دەگریت.

هەرچەندە ململانیی شیلگیر و مەدەنیانە جەوهەری (دیموکراسی) پیکدینیت، بەلام ئەم کیبرکییە بونی خواست و ئارەزووی تایبەتی لای لایەنە ناکۆکەکان ناسریتەوەو بگرە بونیشی بە شتیکی پیویست دەزانیت، چونکە گەر خواست و ئارەزوی گرتنە دەستی دەسەلات لای ئینسانەکان نەبیت، ئەوا بیرۆکەی ململانێ و کیبرکیش نەدەبوو.

کەواتە فەلسەفەی مۆرالی دیموکراسی فەلسەفەیەکی واقیعیە، فەلسەفەیەکە وەك بواریك بۆ نیشاندانی چاکەو جیگەیەك بۆ یۆتۆبیا سەیری

سیاسەت ناکات، ئەمە بەبێ ئەوەی پشت لە بەها بەرزو باڵاکان بکات.

بەڵام خواستی سەرەکی ئەو ریگرتنە لە کەرت کەرت بوون و دابەشبونی دەسەڵات و سنوردارکردنی دەسەڵاتە، لەبەرئەوەی سروشتی هەموو دەسەڵاتیك وایە کە داوای دەسەڵاتی زیاترو زۆرتر دەکات. کەواتە دیموکراسی سستمیکی بێ خەوش نیەو وەکی هەموو سستمیکی تر کەموکوری خۆی هەیە، بەڵام کەموکوری لە هەموو سستمە سیاسیەکانی تر کەمترە. واقعیەتی (دیموکراسی)ش لەوەدایە کە خۆی لە لیستی سستمە سیاسیە خراپەکاندا پۆلین دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم بەدەسکەوتیك دەنوسریت لەوەدایە دەتوانریت بە چاکترین سستمی خراپ ناوببریت.

رەنگە بوتریت ئەوە سەیرکردنیکی رەشبینانەیە بۆ مرۆڤ و بۆ میژووش، "ئارۆن"یش نکولی لەوە ناکات کە کەسیکی رەشبینە، بەڵام تیبینی ئەوەشی کردوە کە گەورەترین گەشبین لە بواری فەلسەفەی میژوودا "کارل مارکس" بوە. "مارکس" وەکی چارەنوسی مرۆڤ سەیری سیاسەتی کردوەو ویستویەتی سیاسەت ببیتە مەلەکوتی خیری رەها. هەرچۆنیك بیت "ئارۆن" بۆ خۆی سروشتی وەها بوو

**کە رقی لە هەموو ئاینە سیاسیەکان دەبوەوە، چونکە تەنها کاری ئاینی سیاسی ئەوەیە بەلینی دروستکردنی بەهەشت لەسەر زەوی بدات، بەلاّم زۆرجار بەلیندان بەم بەهەشتە دنیاییە بە دۆزەخ کۆتایی دیت و جەهەنەمیك دەخولقینیت.**

**سەرچاوە: الحیاة/ ژمارە (١٢٧٩٥).**

# نازیزم و کۆمۆنیزم

گومانی تیدا نیه که فەزلی بڵاوبوونەوەی چەمکی "تۆتالیتاریەت" وەك چەمکیکی سینترالٚ لە فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ دا، دەگەریتەوە بۆ خاتوو هانا ئارنت (١٩٠٦-١٩٧٥)ی نووسەری ئەلمانی و هەلگری رەگەزنامەی ئەمریکی.

هانا لە کتیبەکەیدا (بنەماکانی تۆتالیتاریەت) کە لە سالی ١٩٥١دا دەرچوو، کەوتە تەوزیفکردنی ئەم چەمکە (بێ ئەوەی دەست پیشخەر بووبیت لە داتاشینیدا) بەو مەبەستەی خویندنەوەیەکی هاوبەش دەربارەی هەردوو سستمی (نازیزم و کۆمۆنیزم) بخاتەروو، کە لە کاتی خۆیدا بەرادەیەکی زۆر ناکۆك و جیاواز بەیەك دەهاتنە پیش چاو.

بەراوردیکی وەها لە نیوان ئەو دوو سستمەدا، ئەوساو بەردەوام تا ئیستاش جیگای مشتومریکی زۆری ئەو نیوەندە رۆشنبیرییە ئەوروپاییانەیە کە

پەیوەندییان بە تیۆرەی سیاسیەوە هەیە، بەتایبەت لە ئەلمانیاو فەرەنسادا کە بە درێژایی پەنجا سالی رابردوو داکۆکی کردن و هەلگەرانەوە لە کەلەپووری مارکسیزم بۆتە تەوەرێکی بەردەوامی ژیانی فیکرییان.

لێرەدا دەپرسین رادەی مەشروعیەتی ئەو چەمکی تۆتالیتاریەتە چەندەو ئاستی کارایی تا چ رادەیەکە وەك نمونەیەك بۆ تەفسیرکردنی تیۆریای دوو سستمی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەشەرهاتوو، کە لە گۆرەپانی جەنگدا نەبێت لە هیچ جێگایەکی دیدا بە فیعلی رووبەرووی یەکدی نەبوونەتەوە؟

یەکەم شت کە (نازیزم و کۆمۆنیزم) لیك جیادەکاتەوە، ئەوەیە هەردووکیان دوو دیاردەی تازەن و پێشتر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شتی وەها نەبووە. زەبرو قورسایی ئەم دوو رژێمە تەنها لە ناوەکانیاندا نیە، بەلکو دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەردووکیان هەر لە سەرەتاوە لەسەر زاری تیۆرسینەکانیانەوە ئەوەیان راگەیاند کە دوو دیاردەی تازەن لە مێژوودا. بەلام تازەیی هەردوو دیاردەکە بەس نیە بۆ ئەوەی بەراوردکاری لە نیوانیاندا کارێکی رەوا بێت. چونکە بەراوردکاری کاتێك دەکرێت کە خالی هاوبەش هەبێت. گومانیشی

تیـدا نیـه هانـا ئـارنت لـه دۆزینـەوەو دەسـت نیشانکردنی خالی هاوبەشی نیوان (کۆمۆنیزم و نازیزم)دا دەست پێشخەربوو، وەك بوونی دەسەڵاتی تاك حزبی و گولاگ و کۆنترۆلکردنی تەواوی کۆمەلگە.

سەرەرای ئەم خالە هاوبەشانەی نیوانیان، بەڵام جیاوازی زۆریشیان هەیە: نازیزم راست رەوەو کۆمۆنیزم چەپرەو. نازیزم ئەتنیەو کۆمۆنیزم ئومەمی. نازیزم شەرانی و جەنگ خوازەو کۆمۆنیزم میانرەوو ئاشتی خواز. نازیزم بە توندی دژایەتی دیموکراسی دەکات، لە کاتیکدا کۆمۆنیزم پیی خۆشبوو خۆی وەها وەسف کات کە (دیموکراسیەتیکی میللییە). مەرجەعیەتی تیۆرەی نازیزم بەها جیرمانیەکانی سەدەکانی ناوەراستە، لە کاتیکدا مەرجەعیەتی تیۆریای کۆمۆنیزم فەلسەفەی رۆشنگەری و شۆرشی فەرەنسی بوو.

هەر لە رووی خالە جیاوازەکانی نیوان ئەو دوو سستمەوە دەتوانین بلیین تەنانەت ستالینیش هتلەر نیە. لەبەرئەوەی هتلەر هەموو نازیزمە، بەڵام ستالین قۆناغیك لە قۆناغەکانی کۆمۆنیزمە. شەخس پەرستی لە سەردەمی ستالیندا وەك کاریزماپەرستی سەردەمی هتلەر نیە. سەرکردەی نازی بەرجەستەبوونی مرۆڤی

بالآبوو، هاوکات سەرکردەیەك بوو جەماوەری نەزان و نابینـای بـەرەو رونـاکی دەبـرد، بـەلآم جـەماوەر لـە سستمی کۆمۆنیزمدا دروستکەری میژووە.

ئەم جیاوازیانـە لەسـەر ئاسـتی مـەرج و لەسـەر ئاستی بەها ئایدیۆلۆژیـەکان دواجـار تەفسـیری ئـەو جیاوازیـە گەورەیـەمان بـۆ دەکـەن کـە لـە نیـوان چارەنووسـی میژوویـی نـازیزم و کۆمۆنـیزمدا هەیـە. ئەوەتانێ رووخانی نازیزم تەنها لە ریی توندوتیژی و شەرو دەست تیۆرەدانی دەرەکیەوە بوو، بەلآم هەرچی کۆمۆنیزمـە ئـەوا لـەناوخۆوە هەرەسـی هینـاو بـە شـیوەیەکی لەسـەرخۆو بـەبێ شۆرشـی خوینـاوی کۆتایی هات.

بـە رووخـانی نـازیزم بـەها مەرجەعیەکانیشـی هەرەسیان هینا، بەلآم لە کۆمۆنیزمدا ئەو بەهایانەی مەرجەعیەتی بوون، رۆلیکی گەورەیان لە رووخانیدا گیرا. شتیك بەردەوام کۆمۆنیزمی پێ ئیدانە بکریت، ئەوەیە خیانەتی لە پراکتیزەکردنی ئەو بەهایانە کرد کە مەشروعیەتی میژوویی خۆی لەسەر بنیاد نابوو. بـە واتایـەکی دی دەکریـت بلیـن نـازیزم تـاوانیکی میژوویـی بـوو، لـە کـاتیکدا کۆمۆنـیزم درۆیـەکی میژوویی بوو، تاوانی دزیویش بەناوی ئەم درۆیـەوە ئەنجام درا.

لەسەروبەندی ئەم لیکچوون و جیاوازیەی نیوان (نازیزم و کۆمۆنیزم)دا تویژەری پۆلەندی (کریزستۆڤ بۆمیان) بۆچوونیکی جیاواز دەخاتە روو. لای ئەم ئەو دوو رژیمە لەبەرئەوە لەیەك ناچن، چونکە هەردووکیان تۆتالیتارین، بەلکو ئەوان تۆتالیتارین لەبەرئەوەی خالیکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو لەوەدا هەردووکیان لەیەك دەچن کە دژایەتیەکی توندی دیموکراسیەتی پەرلەمانی دەکەن و دژ بە هەلبژاردنی گشتی و دروستبوونی حیزبی جەماوەری و سەندیکاو رۆژنامەوانی ئەهلین.

ئەگەر سستمی دیموکراسی دان بە جیاوازی و ململانیی شارستانی نیوان هیزو گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بنیت، ئەوا (نازیزم و کۆمۆنیزم) لە خالیکی ترەوە دەست پیّ دەکەن و هەردووکیان پییان وایە نەتەوەو کۆمەلگەی تەندروست ئەوانەن کە هیچ ناکۆکی و ململانییەکی ناوخۆییان تیدا نیە، چونکە بەلای ئەوانەوە بوونی وەها ململانییەك بەلگەی نەخۆشیە نەك تەندروستی.

بەلای ئەم دوو ئایدیۆلۆژیایەوە بوونی هەر کیشەو ململانییەك دەرەنجامی دەست تیوەردانی هیزیکی دەرەکیە لە کاروبارەکانی نەتەوە یان کۆمەلدا. بەلای نازیزمەوە وەها دەستیوەردان و

ئاژاوەگیریەك لە ئەستۆی رەگەزە بیانیەكانی وەك یەهود یان قەرەج یاخود سلاڤیەكان دایە، بەلای بەلشەفیەكانیشەوە پاشماوەی چینە مولكدارو كوڵاك و ئەكلیرۆس و ئەوانەی لەژێر كاریگەری كلتوری بۆرژوازی خۆرئاوادان لەو كارە بەرپرسیارن.

لە هەردوو حالەتەكەشدا قركردن و پاكتاوكردن تەنها ریگاچارەیەكە، بۆ پاراستنی یەكیەتی نەتەوەیی ئومەی ئەلمانی و یەكیەتی و یەكریزی چینایەتی كۆمەلگەی سۆڤیەتی. لە پیناو پاراستنی یەكگرتوویی نەتەوەو كۆمەلگەداو بۆ ریگەگرتن لە دروستبوونی ناكۆكی و جیاوازی، پیویستە هەموو دیاردەكانی دابەشبوون كە لەسەردەمانی كۆنەوە بەجێ ماون بنەبر بكرین. وەك: ململانیی حیزبایەتیو ئازادی رۆژنامەگەری و فرەمینبەری و كاری سەندیكایی و تەواوی ئەمانەش بگۆردرین بە چەند دام و دەزگایەكی دیسپلین كراوی كۆنكریتی: یەك حیزب و یەك سەركردەو یەك رای گشتی.

لیرەوە دەبینین خالی هاوبەشی نیوان ئایدیۆلۆژیای نازیزم و ئایدیۆلۆژیای بەلشەفیەت، رەتكردنەوەی هەموو جۆرە شیوازیكی ململانیی سیاسی و كۆمەلاٌیەتیە. وەها رەتكردنەوەیەكیش بەگەرخستنی ماشینی تیرۆرو مۆبیلەكردنی

ئـايديۆلۆژی دەسـتەجەمعی و سـەراپاگیر بـەدوای خۆیدا دینیت.

ئەگەر سیاسەتیش یەکیك لە پیناسەکانی بریتی بیت لە هونەری بەریوەبردنی ململانیی کۆمەلایەتی، ئـەوا یەکـەمین شـتیك کـە هـەردوو رژیمـی نـازی و بەلشەفی لیی بێ ئاگابن بریتیە لە هونەری سیاسەت. چونکە سیاسەت لـە بۆچوونـی هیتلـەرو سـتالیندا دریژە پیدانی شەرەو کۆمەلگەی سیاسیش گۆرەپانی هەمیشـەیی ئـەو شـەرەیە. شـەریك کـە لـە ریـی سـندوقەکانی دەنگدانـەوە نـاکریت، بـەلکو لـە ریی‌پاکتاوکردن و لەناوبردنی مادیەوەو بەشیوەیەکی یەکجاری بەریوە دەچیت.

بە بروای (کریزستۆڤ بومیان)یش ئەمە بۆخۆی جەوهـەری تۆتالیتاریـەتی نـازیزم و کۆمۆنـیزمی بەلشـەفیە، جگـە لەمـە هـەرچی خـالیکی هاوبـەش و جیـاواز لـە نیوانیـاندا هـەبیت شـتیکی سـانەوی و لاوەکیە.

سەرچاوە: الحیاة/ ژمارە (۱۳۵۰۸).

## چەمکی هاوڵاتی

بیگومان چەمکی (هاوڵاتی) بۆ خۆی یەکیکە لە دەستکەوتە گەورە و گرنگەکانی سەردەمی رینیسانسی ئەوروپی و داهینانیکی گرنگی نویگەری سیاسیە. راستە مۆدیرنە چەمکی (هاوڵاتی) لەو جۆرە مومارەسە سیاسیەوە خواست کە لە سەردەمی ئەسینای شا "بریکلیس"دا لە ئارادابوو، بەلام هاوکات توانی ئەو چەمکە دەولەمەندتر بکات و بەرفراوانتری بکات لەوەی لە رۆژگاری "بریکلیس"دا هەیبووە. ئیمە بۆ خۆمان کاتیك دەلیین (هاوڵاتی) و بەئینگلیزی *Cityzen* و بە فەرەنسی *Cityen*، ئەوا مەبەست لیی گیرانەوەی وشەکەیە بۆ شار *City* یاخود *Cite* نەوەك بۆ نیشتمان، چونکە وشەی (هاوڵاتی) بۆ یەکەم جار لە (دەولەت/ شار) دا هاتە ئارا، نەك لە مەمالیك و دەولەتە ئیمپراتۆریەکاندا کە هاوڵاتیان تیایاندا بە (رەعیەت) ناونووس دەکران. ئەمەش

گەراندنەوەیەکی شیوە مەجازیانەیە بۆ پەیوەندی (شوان) بە میگەلەکەیەوە. هەرچەندە شۆرەت و نیوبانگی داهینانی چەمکی (هاوڵاتی) دەگەریتەوە بۆ شارەکانی یۆنان بە تایبەت ئەسینا لە سەردەمی "بریکلیس" پاشادا، بەڵام پیدەچیت (هاوڵاتی) بۆ یەکەم جار لە شارە فینیقیەکاندا هبووبیت.

لەم رووەوە "ئەرستۆ"ی گەورە فەیلەسوفی یۆنان ئیعتراف دەکات و دەلیت: (سستمی سیاسی شارە فینیقیەکان و دەستوورەکەیان لەسەر ئیرادەی گەل دامەزرابوو، ئەمەش بە روونی لە شاری قرتاجەدا بەدی دەکرا). ئەو شارە بە بۆچوونی "ئەرستۆ" دەستوریکی میسالی هەبووەو تەنانەت لە دەستووری هەریەك لە ئەسیناو ئەسبارتە پیشکەوتوو تربووە. لە واقیعدا پەیوەندی نیوان و تەزای (هاوڵاتی) و وتەزای (ئیرادەی گەل) پەیوەندیەکی ئۆرگانیکییە، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو وڵاتانە دەتوانن لافی ئەوە لیبدەن وڵاتی (هاوڵاتین) کە حوکمرانەکان تیایاندا مەشروعیەت و رەوایەتی خۆیان لە ئیرادەی گەلەوە وەردەگرن، نەك دەستکەوتیکی ئیلاهی بیت یاخود وەك میراتیەك لە بنەماڵەوە بۆیان مابیتەوە. لە وڵاتیکی ئاوادا دواجار ئەوەی بریار لەسەر هینانە سەرکاری فەرمانرەوا و لەسەر کار لابردنی،

هیشـــتنەوە و دەرکردنـــی دەدات، تەنـــها دەنگـــی هاوڵاتیانــە. بــەڵام ئەمــەش بــەو مانایــە نایــەت کــە بەشیوەیەکی میکانیکی هەموو سستمیکی (هاوڵاتی) دیموکراسیەکی تەواو بێ خەوش بیت، چونکە ئەوەی راستی بیـت لـە قرتاجـەو هـەروەها لــە ئیسـپارتە و تەنانــەت لـــە ئەســـیناش، سســـتمی حوکمرانـــی سستمیکی ئۆرستۆکراتی بووە.

لەبــەر ئــەوەی لــەویدا مــافی (هــاوڵاتی بــوون) تــەواوی دانیشــتوانی شــارەکانی نەدەگرتــەوە، بــەلکو تەنها مافی کەمینەیـەك بوو لەوانەی سەر بە بنەماڵـە دەست رۆیشتوو و دەولەمــەندەکان بـوون و هاوکـات لەگەل ئەوانەشدا کە بە بنەچـە ئەسـینی بـوون. ئـەم مافــەش لــەو بیــانی و کۆیلانــە ســـەندرابووەوە کـــە نیشـــتەجیی ئـــەوێ بـــوون و لـــە روی ژمارەشـــەوە سەرژمیریان دەقاتی ئەوانە بوو کە ئازادو سەربەست بوون و خاوەن هەموو جۆرە مافیك بوون.

لەگــەڵ روخــانی سســتمی (دەولـــەت/ شـــار) و دروســـت بوونـــی دەولـــەتی ئیمـــپراتۆری لەوینـــەی ئیمپراتۆریـــەتی مـــەگدۆنی و رۆمـــانی، چـــەمکی (هـاوڵاتی) پاشەکشـەیەکی زۆری بـە خۆیـەوە بینـی. هەرچەندە لـە چوارچیـوەی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـانیدا چەمکی (هاوڵاتی رۆمانی) بەکار دەهینرا، بەڵام زیاتر

هەر قسەیەکی رووت بوو کاری پێنەدەکرا. واتە (هاولاّتی) ئەو مافە سیاسییەی نەبوو لە مەسەلەی ئەوەی پەیوەندی بە دەست نیشانکردن و لەسەر کار لابردنی کەسی فەرمانرەواوە هەبوو.

لە سەدەکانی ناوەراستیشدا (چ عەرەبی ئیسلامی و چ لاتینی مەسیحی)، چەمکی (هاولاّتی) بە تەواوی لە فەرهەنگی سیاسیدا سرایەوەو بوژاندنەوەشی کەم تا زۆر تەنها لەگەڵ سەرلەنوێ هاتنەوە ئارای دیاردەی (دەولەت/ شار)دا بوو لە ئیتالیا، لە سەرەتاکانی سەردەمی رینیسانسدا. بەدەر لەم نموونە دەگمەنە هاتنەوە ئاراو دەرکەوتنەوەی چەمکی (هاولاّتی) بەو پێیەی چەمکیکی سینتراله لە تازەگەری سیاسیدا، هەروا بە ئاسانی و بێ کیشەو گرفت نەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو خۆرئاوا (خۆرئاوای خولقینەری مۆدێرنە)، باجیکی قورس بدات بۆ ئەوەی سەر لە نوێ کەشفی چەمکی (هاولاّتی) بکاتەوە. خۆرئاوا بە دریژایی سی سال و لە نیوان ١٦١٨ و ١٦٤٨ دا جەنگی ئایینی نیوان ئاینزاکان مالویرانییەکی گەورەیان بەسەر دەولەت و شارەکاندا هیناو شەریکی وا قوربانی زۆری لیکەوتەوە، هاوکات بووەمایەی کۆچ و رەویکی وەها کە سروشتی نیشتەنی هەندێ ولاّتی بەشیوەیەکی

سەرتاسەری گۆری. جەوهەری سەرەکی ئەم شەرانەش کیشەو ناکۆکی نیوان کاتۆلیك مەزهەب و پرۆتستانت مەزهەبەکان بوو، هەروەها ئەم جەنگە هاوشانی شەری نیوان بنەمالەکان و ئیماراتە فیودالیەکان و دەولەتە ناسیۆنالیستە تازە پیگەیشتووەکان بوو.

لەم سەرو بەندەشدا دەبوو خوینیکی بیشومار برژیت تا هوشیاری ئەوروپی بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی لە ژیر پیستی ئیمانداریکی کاتۆلیکی یاخود پرۆتستانتیدایە (هاولاتی)یەو مافە کانیشی نەك بە پیی بیروباوەری ئایینی، بەلکو بەپیی ئینتماکردنی بە نیشتمانەوە دەست نیشان دەکریت. بەوپییەی نیشتمان چوارچیوەیەکیهاوبەشی بوونی ئینسانەکانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ خەسلەت و تایبەتمەندیەکی دی کە رەنگە ببیتە مایەی ئاژاوەنانەوەو کەرتکردنی یەك ریزی هاولاتیان نەك کۆکردنەوەو پیکەوە گرێ دانیان.

یەکەمین بنەمای (هاولاتی بوون) تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو هاولاتیەك مافەکانی پاریزراوە، بەبی گویدانە ئەوەی پلەو پایەی چینایەتی چۆنەو سەر بە چ رەگەزیکەو بیروباوەری ئایینی چییە.. ئەمەش خالی دەسپیکی تەواوی گەلالە نامەکانی

**مـافی مـرۆڤ و دەسـتووری وڵاتـانی دیموکراسـییە، یەکەمین نموونەشی لە (جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هـاوڵاتی)دایـە کـە کۆمەڵـەی نیشـتمانی فەرەنسـی لـە ٢٦-ئابی-١٧٨٩ دا دەریکرد.**

**برگـەی یەکـەمی ئـەم جارنامەیـە جـەخت لەسـەر ئەوە دەکات کە: (ئینسانەکان بە ئازادی لە دایك دەبن و ئـازاد دەژیـن و لـە مافیشـدا وەکـی یـەك یەکسـانن)، ئەمـەش بـەبێ گویدانـە جیاوازییـە کۆمەڵایەتیـەکان. برگـەی دەیـەم لـە جارنامـەی مافـەکانی مـرۆڤ تـەئکید دەکاتەوە کەنابیت هیچ هاوڵاتیەك بە هۆی بیروباوەری ئایینیـەوە ئازاربدریت، بە مـەرجیك تـەعبیرکردن لـەو بـیرو باوەرانـە لەگـەڵ هەلومـەرجی گشـتی کۆمـەڵدا ناکۆك نەبیت. کاتیك شۆڕشی فەرەنسی ناز ناوەکانی سـریەوە و نازنـاوی (هـاوڵاتی) یـاخود (هـاوڵاتی بوون)ی بەسەر هەمووااندا سەپاند بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەبوو تا تـەئکید لەسـەر یەکسانی نیـوان هاوڵاتیـان بکاتـەوە، بـەبی گویدانـە پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی و بیروبـاوەری ئایینیـان. لـە دەولـەتی (هـاوڵاتی)دا پیویسـتە دەولـەت بـێ لایەنانـە رەفتـار بکـات و وەك "هاوڵاتی" سەوداو مامەلە لەگەڵ ئەو خەلکانەدا بکات کە لە چوارچیوەی سنوورەکانی ئەودان، لە بەرامبەردا پیویسـتە هاوڵاتیـانیش بـە تەنـها شوناسـیکەوە لـە**

دەولەتدا ئامادەیی خۆیان هەبێت، ئەویش شوناسی هاولاتی بونیانە.

ئەم مەسەلەیە بۆ یەکەمجار لەناو کۆمەلەی نیشتمانیدا باسکراو بووە جێی قسەوباس، بەتایبەت کاتێک پاش شۆڕشی فەرەنسی و لە سالی ۱۷۹۱ دا مەسەلەی بەشداریکردنی یەهود لە ژیانی سیاسیدا خرایە بەرباس: لەو کۆبوونەوەیەدا مافی هاولاتی بەخشرایە یەهودیەکانی ناو کۆمەلگای فەرەنسی –مافێك کە لەوەو بەر لیی بێبەشکرابوون–، بەلام بەو مەرجەی کە ئەوانیش لە کۆمەلگەی سیاسیدا وەك هاولاتیەك نەك یەهودی ئامادەییان هەبێت.

بەلام دەبێت ئەوەشمان لەلا روون بێت کە مەسەلەی بێ لایەن بوونی دەولەت لە بەرامبەر هاولاتیانیدا، هەروا بە ئاسانی لەسەر لاپەرەکانەوە دانابەزیتە سەر زەمینەی واقیع. بۆ نموونە ئەوەتا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەر لە ولاتانی دیکەی دنیا بریاری لەسەر مافەکانی "هاولاتی"داوە، لەرێی جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریکاوە لە سالی ۱۷۷٦ دا، بەلام سەرەرای ئەوەش تاماوەیکی نزیك لە سەدەی بیستەم رەش پێستەکانی ئەو ولاتە بەهۆی رەنگیانەوە، لە زۆر لەو مافانە بێبەشکردبوو کە هاولاتیە سپی پێستەکان خاوەنی بوون. هەمان شت بە نیسبەت فەرەنساشەوە.. ئەگەر چی ئەوان لەگەل شۆڕشی فەرەنسی و لە سالی ۱۷۸۹ وە سستمی

کۆیلایەتیان هەلگرتبوو، بەلام تا سالانی ١٨٥٤ لە ولاتانی کۆلۆنیالیکراوی ژێردەستیاندا کاریان پێدەکرد. هەروەها ژنانیش تەنها لە سالی ١٩٥٢ دا توانیان تەواوی مافەکانی خۆیان وەکی هاولاتیەك بەدەست بهێنن. مەرجی سەرەکی دەولەت لە ولاتی (هاولاتی)دا نیشاندانی بێ لایەنیەو بەیەکچاو سەیرکردنی هاولاتیانە ئیتر ئەگەر ئەو هاولاتیە مەسیحی بێت یان یەهودی، کاتۆلیکی بێت یاخود پرۆتستانتی، سپی بێت یان رەش پێست، هەژار بێت یاخود دەولەمەند.

هەروەها کەسی فەرمانرەوا لە دەولەتی (هاولاتی)دا وەها دێتە سەرکورسی دەسەلات و مومارەسەی حوکمرانی دەکات کە لە هەموو پلەوپایەی چینایەتی و بیروباوەری ئاینی شەخسی خۆی دامالرابێت. خۆجیاکردنەوەش لە تەواوی ئەم شتانە تەنها لە دەولەتی (هاولاتی) تازەدا بەدیهات و بەعەمەلی بەرجەستەبوو، دەولەتێك کە فەرمانرەوا تیایدا مەشروعیەتی خۆی تەنها لە دەنگدانی هاولاتیان و متمانە پێبەخشینی ئەوانەوە بەدەست دێنێت، نەك لە بنەمالەکەی یان بەو سەروەت و سامانەی خاوەنیتی، یاخود خاوەنی چ بیروباوەرێکی ئاینیە و سەر بە چ خوێن و رەگەزێکە!!

سەرچاوە: (الحیاة) -ژمارە (١٣٤٨٠)، (١٣٩٥٠).

## مافەكانی مرۆڤ

هەرچەندە خۆرئاوا بۆیەكەمین جار دەستی لە دارشتنی چەمكی مافەكانی مرۆڤدا هەبوو، بەلام بیرۆكەی ئەم مافانە هەر لە خۆراو لە هیچەوە لە ناوشارستانیەتی خۆرئاوادا دروست نەبوو، بەلكو مافەكانی مرۆڤ رەگوریشەیەكی كۆنی لە شارستانیەتەكانی پیشوتردا هەیە، بەتایبەت ئەو شارستانیەتانەی خاوەنی نووسین بوون. رەنگە كۆنترین دەقیك سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤ لە بەردەستدا بیت، ئەوەبیت كە لە شەریعەتەكەی "حامورابی"دا هاتووە. ئەم شەریعەتەش لە دەوروبەری سالی ١٧٠٠ پ. ز لە بابل دانراوە.

لە پیشەكی ئەم شەریعەتەدا هاتووە كە "حامورابی" دەیەویت (خۆری دادپەروەری بەرز رابگریت، تا نەهیلیت خاوەن هیز دەستدریژی بكاتە سەر بیهیزەكان و ئازاریان پیبگەیەنیت). ئەگەرچی یاسا ئامرازیكە بۆ بەرگرتن لە زولم و ستەمكاریەكانی

دەسـەڵات، بـەڵام رەنگـە یاسـا خۆیشـی ببیتـە سەرچاوەی زولم و ستەمکاری. ئەمە مرۆڤی ناچارکرد بە دوای یاسایەکی باڵاتردا بگەریت کە سروشتیکی یەزدانی هەبیت و ببیتە مەرجەعی یاساکانی مرۆڤ. هەر ئەمەش بوو کە "موسا" کردی کاتێ راستەوخۆ لەوحەکانی شەریعەت لە دەمی "یەهو"ەوە هاتنە خوارێ، ئەودەمەی بەریوەبوو بۆ سەرزەمینی بەلین پیدراو لەسەدەی هەشتەمی پ. ز دا.

بیرۆکەیـەکی وا دەربـارەی یاسـای بـاڵا لـە شارسـتانیەتە کـانی دیکـە (بـە تایبـەت ئەوانـەی خەسـلەتیکی مەدەنیانـە یـان هـەبوو)، وەکـو شارستانیەتی یۆنانی و شارستانیەتی چینی غافڵ نەبوو. بە پیچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەوە کە لە ئارادایە ئەوە "ئەفلاتون" و "ئەرستۆ" نین کە لە فەلسەفەی یۆنانیدا تەئکیدیان لە مافە وەزعی یاخود یەزدانییەکانی مرۆڤ کردۆتەوە، بەلکو بە پیچەوانەوە ئەو دوو فەیلەسووفە مرۆڤیان پۆلین کردبوو بۆ یۆنانیە ئازادو سەربەخۆکان، لەگەڵ بەربەری و کۆیلەدا و ئەمانەش بە هیچ شیوەیەك حسابی مرۆڤیان بۆ نەدەکرا.

ئەوەی لە ناو فەلسەفەی یۆنانیدا تەئکید لە گەردونیبوونی مرۆڤ و مافەکانی دەکاتەوە،

سۆفیستەکان و دوای ئەوانیش رواقیەکانن.. ئەوە "پرۆتاگۆراس"ە کە دروشمی (مرۆڤ پیوەری هەمووشتەکانە) بەرزدەکاتەوە و "ئەلقیدا مس" یشە کە دەلیت: (خوا تەواوی ئینسانەکانی بە ئازادی دروستکردووەو سروشتیش هیچ کەسیکی وەك کۆیلە نەخستۆتەوە). لە سەدەی یەکەمی پ. ز "سینیکا"ی فەیلەسوفی یۆنانی دەلیت: (مرۆڤ شتیکی پیرۆزە). هەر لەو ماوەیەدا گەورە فەیلەسوف و یاسادانەری چین لە سەدەی سییەمی پ. ز دەنووسیت: (مرۆڤ ئەوەندە گرنگە کە بە هیچ شتیکی تر بەراورد ناکریت، هەرچی کەسی پادشاشە ئەوا کەمتر یەزدانییە بەرەهایی). لە مەسیحیەتیشدا قەشە "پۆلس" رایگەیاند کە (نە جولەکەو نە یۆنانی، نە کۆیلەو نە ئازاد، بەلکو تیکرا هەموومان برای رۆحی یەکترین). لە ئیسلامیشدا وشەی (مرۆڤ) لە قورئاندا زیاد لە شەست جار دووبارە دەبیتەوە: (لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم).

لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو چاوەروانی سەدەی دوانزەهەم بین بۆ ئەوەی چەمکی مرۆڤ بە شیوە یاساییەکەی لە دایك ببیت و لە ولاتی فەرەنسا بلاوببیتەوە، بەلام لەلایەن ئەو هاولاتیە بەریتانیانەوە بنووسریت و بلاوبکریتەوە کە لە تاو زولم و ستەمی

پادشای وڵاتەکەیان هەلهاتبوون و پەنایان بردبووەبەر فەرەنسا. ئەمانە توانیان یەکەمین دیکۆمێنت بەناوی (ماگناکارتا) واتە (میساقی گەورە) دەربکەن و ئەمەش بوو بە ژێرخانی مافەکانی مرۆڤ. لەو مافانەی لەم بەیاننامەیەدا هاتبوو: (دەبێت هەر مرۆڤێك مافی مولکداریتی و هاتووچۆو بەرگری لە خۆکردنی هەبێت و کلیسا ئازاد بێت لە هەلبژاردنی قەشە و پیاوانی ئایینی و بازرگان و خانەدانەکانیش ماف و دەسکەوتەکانیان پاریزراو بێت، هەروەها مافی هەموان لە دانی باج بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە پاریزراوبێت.).

چوار سەدەدوای ئەمە لە بەریتانیا دووەمین جارنامەی مافەکانی مرۆڤ دەرچوو کە ناسراوە بە (مانیفیستی مافەکان) و لە سالی ١٦٢٨ دا لەلایەن پەرلەمانی بەریتانیاوە ئاراستەی "شا چارلسی یەکەم" کراوە، بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ دەسەڵاتی رەهای دابنێن. ئەم بەیاننامەیە جاریکیتر لەو یاسایەدا داریژرایەوە کە بە (هابیاس کوریوس) ناسراوە و ئازادی کەسیتی دەپارێزێ و تەئکید لەوە دەکاتەوە هەر گومانلیکراوێك لەبری ئەوەی زیندانی بکرێت دەتوانێت کەفالەتێکی مادی بدات تا ئەو کاتەی دادگا بریاری کۆتایی لەسەر کێشەکەی دەدات.. یاسای

(هابیاس کوریوس) کە لە ٢٣ برگە پێکهاتبوو ساڵی ١٦٧٩ پەرلەمانی بەریتانی بریاری لەسەردا، ئەمەش یەکەمین دەقی یاسایی لەو جۆرەیە کە دەسەڵاتی جیبەجێکردن و قەزائی لێک جیادەکاتەوەو سەربەخۆییەکی زیاتر دەدات بە دەسەڵاتی قەزائی. هەر لە بەریتانیا و ساڵی ١٦٨٩ ریسای مافەکان دەرچوو کە توانی بنەماکانی دەستووری بەریتانی دابریژێ، هەروەها بووە مایەی سەرکەوتنی پەرلەمان و هاوڵاتیان بەسەر حوکمی رەهای بنەماڵەی "ستیوارت"دا.

بەڵام سەرجەم ئەم بەیاننامە و ریسایانە جگە لەوەی خەسڵەتیکی ئیجرائی یان هەبوو لە هیچ فەلسەفەیەکی یاساییەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو. جیی باسە فەیلەسوفی بەریتانی "جۆن لۆك" (١٦٣٢-١٧٠٤) یەکەم کەس بوو کە لە پەیامەکەیدا (دەربارەی لیکبوردن) زەمینەی بۆ لەدایکبوونی فەلسەفەیەکی یاسایی بۆ مافەکانی مرۆڤ خۆشکرد، ئەویش لە ریگای جیاوازیکردن لە نیوان پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافە سروشتیەکانی تاکەکەس و جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی هیچ یەکیك لەم دووانە نابنەمایەی سرینەوەی یەکتری و داواکردنی بە جیاکردنەوەی دەولەت (کە بۆی نییە دەست وەرداتە

کاروباری خواپەرستی)، لە کلیسا (کە ئەمیش لای خۆیەوە بۆی نییە خۆی لە کاروباری مەدەنی هەلقورلتینێ).

بە پشت بەستن بە فەلسەفەی یاسایی "جۆن لۆك"، یەکەمین تیکستی نویی مافەکانی مرۆڤ سالی ١٧٧٦ لە ولایەتی ڤیرجینیا کە کۆلۆنییەکی بەریتانی بوو لە ئەمریکا، رووناکی بینی. سەروەختیکیش "تۆماس جیفرسۆن"ی سێیەم سەرۆکی ولاتەیەکگرتووەکان لە چواری تەمووزی ١٧٧٦ دا، بەناوی شۆرشگیرانی سیانزە ولایەتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە کە لە تاجی بەریتانی یاخی بووبوون (جارنامەی سەربەخۆیی) راگەیاند، زۆربەی زۆری برگەکانی تیکستە تازەکەی ڤیرجینایی لەویدا دووبارەکردبووەوە. (جارنامەی سەربەخۆیی) لە پیشەکیەکەیدا هاتبوو: (کەس لاری لەو راستیە نییە کە مرۆڤ وەك یەك و بەیەکسانی دینە دنیاوە و دروستکەریشیان هەندیك مافی وای پیداون کە بۆ هیچ کەس نییە لییان زەوت بکات، وەك مافی ژیان و ئازادی و خواستی کامەرانی و بەختەوەری). (دەسەلاتدارانیش تەنها لە پیناو پاراستنی ئەم مافانە دادەنرین و هیچ دەسەلاتیکیش نییە جگە لەوەی کە لە هاولاتیانەوە سەرچاوە دەگریت، هەر دەسەلاتیکی

فـەرمانرەوایش ئـەم ئامانجـەی لەبـەرچاو نـەگرت و پێشـێلیکرد، ئـەوا گـەل مـافی ئـەوەی هەیـە ئـەو دەسەڵاتە بگۆڕێت و حوکمرانیـەکی نوێ لـە جێگـەی دابنێـت). گـەورەترین هـەنگاوی یەکلایکـەرەوە بـەرەو فۆرمەلە بوونی چەمکیمافەکانی مرۆڤ، ئەوکاتـە بـوو کـە دەسـتەی دامەزرینـەری کۆمەڵـەی نیشـتمانی فەرەنسـی (ئـەو کۆمەڵەیـەی سـەرکردایەتی شۆڕشـی چینـی سـیهەمی کـرد لـە دژی حوکمرانـی رەهـای سسـتمی پاشـایەتی و لـە دژی دەسـکەوت و بەرژەوەندیـەکانی چینـی خانەدانـەکان و پیـاوانی ئایینی)، لە ٢٦ ی ئابی ١٧٨٩ (جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیانی) راگەیاند. ئەمەش بە گەورەترین دەسکەوتی شۆڕشی فەرەنسی دەژمێردرێت.

هەرچـەندە ئـەم جارنامەیـە لـە بـەر رۆشـنایی تێکستەکەی ئەمریکای سالی ١٧٧٦ دا نووسـرابوو، بـەڵام رەهـەندیکی گـەردوونی وای بـە چـەمکی مـافی مـرۆڤ و هـاوڵاتی بەخشیبوو کە لەوەوبـەر لـە ئـارادا نەبووە، بە تایبەتی کە ئەو جارنامەیە رووی دەمی لـە مـرۆڤ بـوو لـە هـەموو کـات و شـوێنیکدا و بـە چاوپۆشین لەوەی ناسنامەی چییەو سەر بە چ رەگـەز و ئـایین و زمانیکـە. جارنامـەی مافـەکانی مـرۆڤ و هاوڵاتیـان مافە سروشتی و پیرۆزەکانی تاکەکـەس و

هاولاتی دیاریکرد، ئەویش لە روانگەی هەر یەك لە پرانسیپی ئازادی و یەکسانییەوە. ئەوەتا لە پیشەکی یەکەیدا ئەو جارنامەیە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە: (فەراموشکردنی ئەم مافانەیان بی ئاگابوون لییان و پشتگویخستنیان، هۆکاری سەرەکی بەدبەختی و چارە رەشی کۆی مرۆڤایەتی و گەندەلی حکومەتەکانە).

دەقی مافەکانی مرۆڤی سالی ١٧٨٩ تەنها باسی لە مافە سروشتی و سیاسیەکان کردبوو، وەك: (مافی یەکسانی و مولکداریتی و ئاسایش و بەگژا چوونەوەی چەوساندنەوە و ستەمکاری)، بەلام ئەم دەقە دوای ئەوەی گۆرانکاری تیداکرا و لە لایەن کۆمەلەی یاسادانانەوە لە ٢٤ حوزەیرانی ١٧٩٣ و لەسەردەمی یەعقوبییەکاندا بلاوکرایەوە، مافی ئابووری و کۆمەلایەتی وەك (مافی کارکردن و مافی خویندن) سەرباری مافەکانی تر خست و بریاری لەسەردان. بەلام جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاولاتی ئیتر ئەوەی سالی ١٧٨٩ یان ١٧٩٣، بە دریژایی سەدەو نیویك خاوەنی هیزیکی یاسایی نەبوو. هەروەها هیچ بەهایەکی دەستوریشی نەبوو، تەنها ئەو کاتە نەبیت کە لە سالی ١٩٤٦ بە رەسمی خرایە ناو پیشەکی دەستووری کۆماری چوارەم و

پاشان لە پێشەکی دەستووری کۆماری پێنجەمیشدا دانراو لە ساڵی ١٩٥٨ تا ئێستا لە فەرەنسا کاری پێدەکرێت.

نەبوونی ئەو هێزە یاساییە کە هەموو لایەك ناچار بکات رێز لەو مافانە بگرن، وای لە نوێنەرانی فیکری سۆسیالیستی سەدەی نۆزدەهەم کرد کە جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی بدەنە بەر رەخنە، بەو پێیەی ئەو بەیاننامەیە شتێکی رووکەش و ئەبستراکتە. تەنانەت "مارکس" بە بەیاننامەیەکی چەواشەکرای وەسفکرد، لەبەر ئەوەی نەك هەر ئازادی دەستەبەر ناکات، بەڵکو تەنها کارێك بیکات ئەوەیە کە مافی هەیمەنەی بۆرژوازیەت مسۆگەرتر دەکات. ئەم تێروانینە چینایەتیە لە خوێندنەوەی مافەکانی مرۆڤدا وایکرد کۆنگرەی سێهەمی (سۆڤیاتات)ی تەواوی رۆسیا لە ساڵی ١٩١٨ جارنامەیەکی نوێ دەربکات بەناوی: (جارنامەی مافەکانی گەلی زەحمەتکێش و چەوساوە).

شایەنی باسە لەساتەوەختی بەرپابوونی شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و دابەشبوونی جیهان بەسەر بلۆکیسەرمایەداری و سۆسیالیستی دا، مافەکانی مرۆڤ (بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی سارددا) بووبە بابەتی ململانییەکی ئایدیۆلۆژی توند

لــــەنیوان دیموکراســـی لیـــبرالیزم و دیموکراســـیە پۆپۆلیســـتەکاندا. ئــەم ململانییـــەش گەیشـــتە ئــەو ئاسـتەی یەکیـەتی سـۆڤیەت و هـەر پینـج وڵاتەکـەی بلۆکی کۆمۆنیستی، دەنگ بۆ دەرچوونی جارنامـەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ نەدەن کە کۆمەڵەی گشتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لـە ١٠ ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٤٨ بریـاری لەسـەردا و لیژنەیـەکی سـێ کەسـیش کـە پیکـهاتبوون لـە "ئـەلیانۆر رۆزڤلـت-ی ئـەمریکایی‌ن خـیزانی فرانکلـین رۆزفلتـی سـەرۆکی ئەمریکا کە لە سالی ١٩٤٥ کۆچی دواییکرد"، لەگەڵ "دکتۆر شانگ"ی چینی و "شارل مالك"ی لوبنانی، ئامادەیان کردبوو.

ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر دوابەدوای راگـەیاندنی جارنامـەی گـەردونی مافـەکانی مـرۆڤ، ژمارەیـــەك بەیاننامـــەی وردو هەمەلایـــەنی تـــری بلاّوکـردەوەو هـەموو ئەمانـەش بـە مەبەسـتی زیـاتر بـەهیزکردنی نـاوەرۆکی ئەوجارنامـــە گەردوونیـــە و گەشە پیدانی زیاتری بوو تا لەگەل روداوە تازەکان و پیداویستیەکانی سەردەمدا بگونجیت. نموونـەی ئـەو بەیاننامانـــەی دوا بـــەدوای راگـــەیاندنی جارنامـــەی مافـــەکانی مـــــرۆڤ لەلایـــــەن ریکخـــــراوی نەتەوەیکگرتووەکانـەوە بلاّوکراونەتـەوە، بریتـین لـە:

بەیاننامەی ١٩٤٨ دەربارەی (قەدەغەکردنی تاوانی پاکتاوکردنی رەگەزی) و بەیاننامەی ١٩٦٥ دەربارەی (نەهیشتنی هەموو جۆرە سیاسەتیکی ئاپارتاید) و بەیاننامەی ١٩٨٠ دەربارەی (قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیکردن لەگەڵ رەگەزی مییینەو ریگرتن لە بەکارهینانی توندوتیژی دژ بە ژنان). هەروەها بە یاننامەی سالی ١٩٨٤ (دژی سزادان و هەموو جۆرە لیدان و مامەلەیەکی درندانە و نامرۆڤانە و سوکایەتی پیکردنیک)، لەگەڵ بەیاننامەی ١٩٨٩ لە پیناو (پاراستنی مافەکانی منداڵان)دا.

هاوکات بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ لە زیادبووندابوو کە لەلایەن ریکخراو و لیژنە ناوچەییەکانی وەك: (ریکەوتننامەی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان) ١٩٥٠ و (ریککەوتننامەی ئەمریکی تایبەت بە مانەکانی مرۆڤ) ١٩٦٩ و (جارنامەی جیهانی مافی میللەتان) جەزائیر ١٩٧٦ و (ریسای ئەفریقیای بۆ مافەکانی مرۆڤ و میللەتان) ١٩٨١، دەردەچوون. بەلام هەموو ئەمانە نەیانتوانی رێ بە تاوانەکانی قەتلوعامکردنی مرۆڤایەتی بگرن لە کەمبۆدیا و رواندا و یوگسلاڤیا، هەروەها ریگری بکەن لە بەرپابوونی جەنگە ناوخۆییەکان کە ژمارەی ئەو

شەرانە لە سالی ١٩٤٥ تا ئەمرۆ گەیشتۆتە زیاتر لە ١٣٠ شەرو ٤٠ ملیۆن کوژراوی لیکەوتۆتەوە، واتە بەتیکرایی ٢١٠٠ کوژراو لە رۆژیکدا.

دواجار کۆی ئەو هەولانە لە پیناو پاراستنی مافی مرۆڤدا نەیتوانیوە ریّ لەوە بگریت کە بلیۆنیك مرۆڤ بە نەخویندەواری و لەو ریژەیەش زیاتر بە برسیتی و هەژاری بمیننەوە. هاوکات بلۆین و نیویك ژن بە دەستە چەوساندنەوە و توندوتیژییەوە دەنالینن و لە نیوان سیّ تا چوار بلیۆنیشدا لە مافی گەشەو پەرەپیدان بیّ بەشن.

سەرچاوە: الحیاة– ژمارە (١٣٣٩٢).

## کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمریکی

دوای ئـــەوەی بـــە تاقیکردنـــەوە ســـتەمکاریی دەولـــەتی عـــەرەبی لـــە هـــەردوو فۆرمـــە (رادیکـــاڵو کۆنسیرڤاتیزم)ەکـەیدا ئاشـکرابوو، بەشـیکی زۆر لـە ئیمـەی رووناکبـیرانی عـەرەب ئومیـدی خۆمـان بـە وتەزایـــەکی رزگارکـــەری تـــازەوە گریـــداوە، ئـــەو وتەزایـــەش: *کۆمەڵگـــەی مەدەنی*یـــە. بـــەڵام ئـــەو پرسیارەی دەستبەجێ رووبەروومان دەبیتەوە ئەوەیە کـە ئـاخۆ لـە رووی تیۆریـەوە رەوایـە، دەولـەتو کۆمەڵگەی مـەدەنی وەك دوو جەمسـەری دژبەیـەك لـە بەرامبـەر یـەکتردا دابنیـین؟ ئایـا کـاریکی وا لـە رووی زانستییەوە لەگەڵ واقیعدا دەگونجیت؟ روونتر بلیین: ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی جیگای ئازادیو ئەقڵانیەتە، لـە بەرامبـەر دەولـەتدا وەك نـاوەندیك وابیـت بـۆ سـتەمکارییو نائەقڵانیـەت؟ رەنگـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارگەلیکی لـەمجۆرە لـە چوارچیـوەی کۆمـەلگا

عەرەبیەکاندا کاریکی ئاسان نەبیت، چونکە لەناو ئەو کۆمەلگایانەدا بە هیچ شیوەیەك وتـەزای کۆمەلگـەی مەدەنی گەشەی نەکردوە. بەلام ئاخۆ دەبیت وەلامـی کۆمەلگەیەکی وەك کۆمەلگەی ئەمریکی چی بیت کە لەم بوارەدا ئەزموونیکی میژوویی تایبەتی هەیە؟

سەرەرای گەشەی بەرچاوی کۆمەلگەی مەدەنیو دامو دەزگاکانی لەو ولاتەدا، بەلام ولاتە یەکگرتوەکان لە رووی میژووییەوە خاوەن تایبەتمەندیەکی تریشە. ئـەویش ئەوەیـە ئـەمریکا تاکـە نەتەوەیەکـە لـەناو نەتـەوەکانی دنیـادا کـە بوونـی کۆمەلگـەی مـەدەنی تیایدا بەر لە کۆمەلگەی سیاسی دەکەویتو بوونو ئامادەگی نەتەوە لە پیش دروستبوونی دەولەتەوەیە.

لەگەل ئەوەشدا کۆمەلگەی مەدەنی ئەمریکی زۆر پیشکەوتووترو زۆر ئەقلانیتر دیار نیە، هاوکات زیاد لە دەولەتیش بە تەنگ بەهای ئازادیو پلورالیستیو یەکسـانیو دیموکراسـییەوە نایـەت هـەر لـە کۆیلایەتیەوە تا رەگەزپەرستی دژ بە رەشپیستەکان. کۆمەلگەی مەدەنی ئەمریکی هەمیشە دەستپیشـخەر بـوە لـە دژایـەتیکردنی ئـەو یاسـا ئازادیخوازانـەی دەولـەت پیشـنیاری کـردوون، تەنانـەت گـەر ئـەو دژایەتیکردنـەش بـەهیزی چـەکداری بووبیـت، وەك ئەوەی لە شـەری ناوخۆی ئەمریکا لـە نیـوان باکورو

باشوردا روویدا دوای دەرچوونی یاسای نەهیشتنی کۆیلایەتی، ئەو یاسایەی حکومەتەکەی "ئەبراهام لنکۆلن" لە سالی ١٨٦٢ بریاری لەسەر دا.

تا ئەمرۆکەش ئەو ریوشوینە یاساییانەی حکومەتەکەی "جۆن کەنەدی" داینابوون بۆ نەهیشتنی دیاردەی رەگەزپەرستی لە خویندنگەو چیشتخانەو سەرجەم شوینە گشتیەکان، لە لایەن بەشیکی زۆری ئەمریکاییەکانەوە "*WASP*" واتە ئەوانەی دەیانەویت ولاتە یەکگرتوەکان بە ولاتیکی سپی پیستو پرۆتستانتیو ئەنگلۆسەکسۆنی بمینیتەوە، دژایەتی دەکریتو سەرپیچی لیدەکەن.

رەنگە لیرەدا بوتریت مەسەلەی رەشپیستەکان لە ئەمریکا شتیکی تایبەتەو بە تەنها بەس نیە بۆ ئەوەی بکریتە پیوەریك بۆ هەلسەنگاندنی سروشتی پەیوەندیەکانی نیوان کۆمەلگەی مەدەنیو کۆمەلگەی سیاسیی نەتەوەیەکی وەك ئەمریکا کە خاوەن تەقلیدیکی دیموکراسی لە میژینەیە. کەواتە با بە پیودانگیکی دیکە بکەوینە هەلسەنگاندن و باس لە بزاوتیك بکەین کە "بییار لیبیناس"ی مامۆستای شارستانیەتی ئەمریکی لە زانکۆی پارسیی دەیەم بە {بزاوتی میلیشیاکان} ناوی دەبات.

وەك دەزانریت قۆرغکردنی توندوتیژی بە شیوەیەکی شەرعی (ماکس ڤیبەر زیاتر پیی لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت) بریتیە لە یەکەمین خەسلەتی دەولەتی مۆدیرن، بەلاّم کۆمەلگەی مەدەنی ئەمریکی بەردەوام تا ئەمرۆ لەبەر هۆکارگەلیکی میژوویی (کە لیرەدا ناکریت بچینە ناو وردەکاریەکانیەوە) ئامادەنین چەکەکانیان فریبدەن. سەرەرای ئەوەی دەولەت ریگەی چەکهەلگرتنی نەگرتوە، بەلاّم کۆمەلگەی مەدەنی ئەمریکی لە ئەرکیکی گرنگی دیکەدا کیبەرکیّ لەگەلّ دەولەتدا دەکات، ئەو ئەرکەش بواری ریکخستنی سەربازییە. ئەمرۆ لە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا لە پالّ سوپای نیزامی سەر بە حکومەتی فیدرالیو هیزەکانی ئاسایشو پۆلیسی سەر بە حکومەتی ویلایەتەکان، میلیشای مەدەنیش هەن کە ریّ بە خۆیان دەدەن بەرگی سەربازی بپۆشنو مەشق بکەنو ببنە خاوەنی چەکی قورسو لە سەربازگەکانیشدا بژین.

بۆ نمونە گەورەترین کاری ترۆرستی بە دریژایی میژووی ئەمریکا روویدا بیت ئەو رووداوە بوو کە لە ١٩/ نیسانی/ ١٩٩٥ لە ولایەتی (ئۆکلاهۆما) روویداو، بوە هۆی کوژرانی ١٧١ کەسو زیاتر لە ٥٠٠ بریندباریشی لیکەوتەوە. بەبیّ تیگەیشتن لە دیاردەی

میلیشــیاکان لــە کۆمەڵگــەی مــەدەنی ئــەمریکیدا، ئەســتەمە بتوانــین لــەو رووداوە تێبگــەین. ئــەو دوو کەســەی هەســـتان بــە تەقاندنــەوەی ئــەو ســەیارە بارهــەڵگرە لــە بــەردەم تــەلاری حکومــەتی فیدراڵــی ولایــەتی (ئۆکلاهۆمــا)، مەبەســـتیان تۆڵەکردنــەوەی خوێنی شەهیدانی میلیشیای "داودیەکان" بوو کە لە ڕۆژی ١٩/نیسـانی/ ١٩٩٣ بـە بۆمبـی فرمیسـك ڕێــژو گوللـــەی پیـــاوانی ئاسایشـــی فیدراڵـــی کـــوژران و سوتێنران.

"داودیـەکان"؟ ئـەم نـاوە لـە نـاوی خواسـتراوی دامەزرێنـەری بزوتنەوەکە "داود قۆرش" وەرگـیراوەو خەسلەتێکی تەوراتیانـەی هەیـە. تـەورات ڕەگـەزێکی سـەرەکی پرۆتسـتانیەتی ئەمریکییـە و تـا ئیسـتاش سێ لەسـەر چواری شـوێنکەوتوانی ئـەو بزوتنەوەیـە (کە نیوەی ئەمریکییـەکان پێکدێنـن، لـەو بڕوایـەدان کـــە تەمـــەنی مرۆڤایـــەتی تـــەواو وەك ئـــەوەی تــەورات باســــیدەکات لـــە شـــەش هـــەزار ســـاڵیك تێناپەڕێت.

ئایین ڕەگەزێکی سەرەکی تـەواوی میلیشیاکانی ئەمریکایە و خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان بریتییە لە:

–تەفسیرکردنی حەرفی تەورات و ئینجیل.

-بڕوابوون بەوەی پلانیکی نیودەولەتی نەك تەنها لە دژی ئەمریکا، بەلکو لە دژی تەواوی گەردوون لە ئارەدایە.

حکومەتە فیدرالیەکانی ئەمریکاش دەستیان لەگەڵ نەخشە داڕێژەرانی ئەو پلانەدا تیکەلکردوە، چونکە حکومەتە فیدرالیەکانی ئەمریکا بە فەرمانی ڕیکخراوە نهینییە جیهانیەکان (کە کۆمۆنیستەکانو جولەکە دەستیان بەسەردا گرتوە) دەجوولینەوە. میلیشیاکانی ئەمریکا کە زۆربەیان سەر بە ڕاستڕەوە توندڕەوەکانن‌و (هەندیکیشیان بە تایبەت لەناو ڕەشپیستەکاندا سەر بە چەپی توندڕەون)، سل لەوە ناکەنەوە بە ئاشکرا باس لە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەو تەنانەت نازیزمانەی خۆیان بکەن.

بۆ نمونە ڕیکخراوی *{نەتەوە ئاری نەژادەکان}* کە دروشمەکەی *{صليب المعقوف}ە*، خالی یەکەمی بەرنامەکەیان بریتیە لە پاککردنەوەی ئەمریکای سپی پیست لە یەهودی‌و ڕەش پیستەکان. ڕیکخراویکی تری وەك *کلیسای ناسنامە* جیاوازیەکی زۆر دەکات لە نیوان جولەکە سەروەرەکانی نەوەی هابیل (کە دواتر بوونەتە مەسیحی) لەگەڵ جولەکە بەدەکانی نەوەی قابیل‌و وەچەی شەیتان بە بڕوای ئەوان. ئەمانە

بەردەوام پلان لە جیهان دەگێرن‌و ژمارەشیان تا دێت لە زیادبووندایە، لەبەرئەوەی تێکەڵ بە رەگەزە ئاست نزم‌و رەش پێستەکان دەبن. هاوکات ئەمانە پێیان وایە ئەمریکا لە نیاز خراپی‌و ئاژاوەگێری ئەو کەسانە رزگاری نابێت، گەر نەنێردرێنەوە بۆ ئەو جێگایەی لێیەوە هاتوون: واتە بۆ فەلەستین یان وڵاتی سامرەو یەهودی بە چەمکە تەوراتیەکەی.

بێگومان مەترسی میلیشیاکان هەر بە تەنها لە ئایدۆلۆژیاکەیاندا نیە، بەلکو بەر لە هەر شتێ لە جموجولی عەمەلییاندایە. پێشتر باسمان لەوە کرد کە میلیشیا (داودیەکان) لە تەکساس مۆلگەیەکی تایبەتی بەخۆیان دروستکردوەو چەکی ئۆتۆماتیکی و بۆمباو دۆشکەشیان تیا کۆکردۆتەوە. هێزەکانی ئاسایشی فیدرالی دوای گەمارۆیەکی بیست رۆژی نەبێت نەیانتوانی بچنە ناوی و سەرەنجامی ئەم هەلمەتەش کوژرانی ٥٨ کەسی لێکەوتەوە، لەوانە چوار کەسیان سەر بە هێزەکانی ئاسایش بوون. میلیشیایەکی تر بەناوی (الاخوة الصامتة)ەوەیە کە کاریان پەلاماردانی بانکەکانە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارەی پێویست بۆ کرینی چەك‌و چۆلی سەربازی. هاوکات میلیشیای (نەتەوە ئاری

نەژادەکان) دەستیاندایە تەقاندنەوەی ژمارەیەك دام‌و دەزگای گشتی، لەگەڵ تیرۆرکردنی چەند دادوەریکی فیدرالی‌و کارمەندانی خەزینەی گشتی.

هەرچەندە میلیشیا مەدەنیەکان یاخود (میللیەکان) بە دریژایی میژووی ولاتە یەکگرتوەکان لە ئارەدا بوون، بەلام تەنها لە سالی ١٩٨٣ مەترسیان گەیشتە ئەوپەری. ئەویش دوای ئەوەی حکومەتەکەی "رۆنالد ریگان" یاسای *{برادی}* دەرکرد، دەرکردنی ئەو یاسایەش بۆ ئەوە بوو ئاستیك بۆ بلاوبوونەوەی چەك لەناو خەلکانی مەدەنیدا دابنریت، بە تایبەت دوای ئەو هەولی تیرۆرکردنەی رووبەرووی "ریگان" بوەوە.

لەگەڵ دەرچوونی ئەو یاسایەدا بزوتنەوەیەکی نارەزایی میللی بەرفراوان دروستبوو کە راسترەوە توندرەوەکان‌و ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی سەر بە حیزبی کۆماری لە پشتیەوە بوون. ئەم بزووتنەوەیە حکومەتی فیدرالی بەوە تاوانبار کرد کە ئەو مافە بە هاولاتیان نادات تا بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و داوایکرد لە هەر ولایەتیکدا بە جیا میلیشیای لۆکالی دروست بکریت بۆ رووبەروو بوونەوەی حکومەتی فیدرالی، چونکە ئەو حکومەتە دەیەویت ولاتە

یەکگرتوەکان ملکەچی دەسەڵاتیکی تۆتالیتاری نوێ بکات، ئەویش لە ژێر ناوی (سستمی نوێی جیهانی)دا.

یەکەمین میلیشیا بۆ هاوڵاتیان لە شاری *فۆنتانا* دروستبوو کە ژمارەی ئەندامەکانی خۆی لە حەوت هەزار کەس دەدا. دوەمیان لە شاری *مەشیگان* بوو، ژمارەی ئەندامەکانی شەش هەزار کەس بوون. دواتر ریپیوان و خۆپیشاندان ویلایەتەکانی (تەکساس، نیوجیرسی و ئیداهۆ)و سەرجەم ویلایەتەکانی کەناری باسفیکی گرتەوە. هەر هەمووشیان لەژیر یەك دروشمدا کۆبوونەوە: (ئەمریکا لە بەردەم هەرەشەدایە).

هەرچەندە ئاماریکی وردو تەواو لەسەر ژمارەی ئەو میلیشیایانەو ژمارەی ئەندامەکانیان لە بەردەستدا نیە، بەڵام ئەو بزوتنەوەیە توانی (وەك پالپشتی) پینج ملیۆن و نیو ئیمزا لە دژی یاساکانی حکومەتی فیدرالی کۆبکاتەوە، ئەو یاسایانەی دەیانویست چەك لە هاوڵاتیانی ئەمریکا دابمالن. ئەلبەتە میلیشیا میللییەکان تەواوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمریکی لە خۆیاندا کۆناکەنەوە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە هەر بە دەولەمەندترین کۆمەڵگە مەدەنیەکانی جیهان دەژمێردریت لە رووی

هەمەجۆری‌و فرەرەنگـی لـە دنیـای تـازەدا، لەگـەڵ ئەوەشدا کەدیاردەی میلیشیا بە یەکیك لە خەسلەتە سەرەکیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دادەنریت.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە تەنها پەناگـەی خـێرو چاکـە نیـە، وەکـی هـەندیك ئـەدەبیات باسـی دەکـەن‌و دەیانـەویت بیکەنـە ناوەندیکی میسالی، لـە بەرامبەریشدا دەولـەت وەك ئەهریمـەنیك وینادەکـەن، چونکـە دواجـار دەبیـت کۆمەڵگـەی مـەدەنی‌و کۆمەڵگـەی سیاسـی وەك دوو رووی یەك دراو سەیر بکەین. مشـتومری نیـوان ئـەم دوانـەش (نـەك بیدەنگی یـەکیکیان لـە بەرامبـەر ئـەوی تریاندا) دەستنیشانی ئاسـتی گەشەسـەندن‌و بـەرەو پیشـچوونی پرۆسـەی دیموکراسـی نەتەوەیـەك لـە نەتەوەکان دەکات.

سەرچاوە: الحیاة/ ژمارە (١٣٣٥٧).

## سەروەری نیشتمانی

یەکیك لەو مەسەلانەی تا سەردەمانیکی نزیك بواری دەست تیوەردان و دەسکاری کردنی نەبوو (سەروەری نیشتمانی) بوو. تەنانەت وەك هەر شتیکی رەها کە پرسیار هەلناگریت، ریگەی ئەوە نەدەدرا لە پیکهاتە میژوویەکەی بکۆلدریتەوە. شایەنی باسە (سەروەری) وەك مومارەسەیەکی عەمەلی هاوشانی کاروانی میژووی دەولەتان بووە، بەتایبەت ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانی وەکی ئیمپراتۆریەتی فیرعەونی و فارسی و رۆمانی و چینیو عەرەبی ئیسلامی. بەلام چەمکە تیۆریەکەی سەروەری تەنها لەگەلٚ بەراییەکانی سەردەمی مۆدیرنەدا بەدیارکەوت و هاتە ئارا، بەتایبەت لەسەر دەستی

هەریەك لە "جان بودان" و "تۆماس هۆپز" و دواتریش لە فیکری سەردەمی رۆشنگەری و شۆرشی فەرەنسیدا.

بیرۆکەی سەروەری نەدەبوو وەك چەمکیکی تیۆری لە دایك بیت و بگاتە ئاستی کاملی و پیگەیشتن گەر لە ئەوروپادا (ئەوروپای لانکی تازەگەری سیاسی) بەسێ قۆناغی گۆرانکاری مەزندا تیپەر نەبوایە: یەکەم/ ململانیی ئیمپراتۆرو پاپاکان، دووەم/ ململانیی پادشاو ئەمیرەکان، سییەم/ ململانیی نیوان شاهەنشاکان و میللەتان.

دەکریت بلیین بەدریژایی دوو سەدەی تەواو لە شۆرشی فەرەنسیەوە ١٧٨٩ تا لەبەریەك هەلوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت ١٩٨٩، بیرۆکەی (سەروەری نیشتمانی) لەسەروی لیستی پەیوەندییە نیودەولەتیەکان و فەلسەفەی سیاسیەوە بوو، بەو پییەی تەعبیریکی یاسایی نمونەیی بوو لە دەسەلاتی بالاو بێ سنووری دەولەتی نەتەوە لەسەر خاك و میللەتی خۆی. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە (سەروەری نیشتمانی) خۆی بەسەر فەلسەفەی سیاسی و یاسای نیودەولەتیدا سەپاند، چونکە هۆکاری هەلایسانی ئەو جەنگە وەها دەست نیشان دەکرا کە رەنگ بوو ئەو جەنگە روونەدایە گەر رژیمی

نـازی، (سـەروەری نیشـتمانی) دەولـەتانی ئـەورووپی دراوسـێی خـۆی وەك نەمسـاو چیکۆسـلۆڤاکیاو بەتایبەتیش پۆلۆنیای پێشیل نەکردایە.

لـە ماوەی جەنگی ساردیشدا کە جیهان بەسەر دووبـەرەدا دابـەش بووبـوو، بیرۆکـەی (سـەروەری نیشـتمانی) هـاوجووت بـوو لەگـەڵ بـەرژەوەندی سـتراتیژی هـەردوو بلۆکـی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا. خۆرئاوا پیی وابوو (سەروەری نیشتمانی) بەشیکە لە کەلـەپوورو پیکهاتـەی ئـەو بەهایانـەی هەلگریـەتی و بەمەش دەتوانیت ریگا لـە بـەرفراوان بوونـی بلۆکـی سۆسیالیستی بگریت لە دوای سالی ١٩٤٨وە.

لە بەرامبەردا یەکیەتی سۆڤیەتیش ئەمەی کردە بەهانەیەك تا نەهیلیت خۆرئاوا دەست لە کاروباری نـاوخۆی وەربـدات، بـۆ ئـەوەی بـەبێ هیـچ لیپرسینەوەیەکی نیودەولـەتی سیاسـەتەکانی خـۆی بسەپینیت. هاوکات ولأتانی جیهانی سیهەمیش کە تـازە لـەژیر دەسـتی کۆلۆنیـالیزم رزگاریـان بووبـوو، جەختیان لەسـەر پرانسـیپی (سـەروەری نیشـتمانی) دەکردەوە بە مەبەستی جێ پێ قایم کردنی خۆیـان وەك دەولـەتیکی نویـی سـەربەخۆ. بـەلام دەبیـت بووتریـت کـە لـە پشـت دیوارەکـانی (سـەروەری نیشتمانی)یەوە تاوانی زۆر قیزەون ئەنجامدرا.

لــه جیـهانی سـیهەمدا زۆر لـــه وڵاتـانی رووەو ئیستبدادیەتی سیاسی و دیکتاتۆریـەتی سـەربازی و دەسـەڵاتی تـاك حـیزبی چـوون و دەسـتیان کـرد بـە سەرکوت کردنی هیزە دیموکراسی و شۆرشگیرەکان، هاوکات مافـەکانی مـرۆڤ پیشـیل کـران و پـەیرەوی پاکتاوکردنی عیرقیش کرا.

لە جیهانی سۆسیالیستیشـدا تۆتالیتاریـەتیکی شـەرانگیز هاتـە ئـاراوە، تۆتالیتاریـەتیك کـە لەگـەڵ خۆیدا (گولاگ)ەکانی هانی و لە ریی حوکمی ئاگرو ئاسن و بەزنجیری تانکەکان شۆرشی گەلانی مەجـەر ١٩٥٦ و راپەرینەکانی گەلی پۆلـەندا ١٩٥٦ و ١٩٧٠ و قەسـابخانەی بـەهاری پراگــی ١٩٦٨ ئـەنجامدا. هەروەها دوو ملیۆن کەس لە کەمبۆدیاو بیست ملیۆن کـەس لـە چـین لەسـەردەمی (شۆرشـی روناکبــیری گەورەدا) لەناوبران.

خۆرئـاواش سـەرەرای دیموکراسـی بوونـی لـەو تاوانانـە بـەدەر نـەبوو، هــەر لــە دروســت بوونــی دیکتاتۆریەتەکانی پورتوگال و ئیسپانیاو شەرەکانی ڤیتنـام و جـەزائیرو.. هتـد، کـە ملیۆنـەها قوربـانی لیکەوتــەوە تــا دەگاتــە (ماکارتیــەت) لــە وڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئـەمریکا کـە تویـژی رۆشــنبیرانی دووچاری گەورەترین نەهامەتی کرد.

بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکانەوەو لەگەڵ هەرەسی بلۆکی رۆژهەڵات دا گۆرانیك روویدا، وەك ئەوەی چەمکی (سەروەری نیشتمانی) رۆلی خۆی تەواو کردبێ و پیویستی بەوە هەبووبیت تا چاوی پیدابخشینریتەوە، لە بەرامبەریشدا چەمکیکی تر هاتە ئارا کە چەمکی (مافی دەستیوەردان) بوو. بەمەش پرانسیپیکی تازە چەسپی کە دەولەت و دەسەلاتدارانی دەولەت لە چوارچیوەی سنوورەکانی خۆیاندا ئازادی رەهایان نیە، بەلکو یاسایەکی نیودەولەتی هەیە پیویستە پابەند بن پییانەوە، هاوکات ریکخراوی نیودەولەتیش هەیە کە پیویستە دەولەت لە بەرامبەریاندا دەستبەرداری بەشیك لە سەروەری خۆی بیت، لەو باوەرەوە کە دەلیت کۆمەلگەی نیودەولەتی -ئەمەش چەمکیکی تازەیە- مافی ئەوەی هەیە دەستوەرداتە کاروباری ناوخۆیی هەر دەولەتیك، گەر هەست بەوە کرا ئەو دەولەتە سەرپیچی هەندێ یاساو بنەمای کردووە کە دەولەتانی جیهان بریاریان لەسەرداوە.

ئەوەی لەم چەند سالەی دوایدا بە ئاشکرا دیارە ئەوەیە دەولەت تەنها بکەریك نیە لەسەر شانۆی جیهانی، بەلکو لە پاڵ ئەودا نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و سندوقی دراوی

نیودەولـەتی و بـانکی دەوڵی و ریکخراوەکـانی مـافی مرۆڤ و ژینگەپاریزەکانیش هەن. ئیتر دەولـەتیك نیـە ئازادی خۆی لـە سیاسـەتە ئابووریـەکانیدا، یاخود لـە سیاسـەتی ئاسایشی ناوخۆی خۆیدا هـەبیت و هیـچ دەولـەتیك نیـە خاوەن سـەروەری یاسـایی تـەواوبیت. ئـــەوەتا دەولـــەتیکی وەك شـــیللی دەستەوســـانە حەسانەتیکی یاسایی بۆ سەرۆکی پیشووی "ئۆگستۆ بینوشێ" دابین بکات، یـان ئـەوەتا حکومـەتی لیبیـا ناچار دەکریت دوای ماوەیـەکی زۆر ئەو هاولاتیانـەی تاوانبارن بە کیشەی لۆکەربی، تەسلیم بە دادگا بکات تا لەبەردەم دادگایەکی بیانیدا دادگایی بکرین.

بـەم جۆرە ئیتر هیچ دەولـەتیك ئازاد نیـە لـەوەی کەمـــە نەتەوەیەتیـــەکانی ژیردەســـتی خـــۆی بچەوسینیتەوە، ئەوەتا کۆمەلگەی نیودەولـەتی ناچار بـوو دوو جـار بچیتـە یوگسـلاڤیاوە تـا ریگـە لـەو پرۆسـەی پاکتـاوکردنی عیرقیـە بگریـت کـە لـەویدا پەیرەو دەکرا. هاوکات دەولەتان مافی ئەوەشیان نیـە ژینگە پیس بکەن، گەر نا ئەوا دوچاری لیپرسینەوە دەبن. ئەو فشارە زۆرانەی لەسەر حکومـەتی بـەرازیلی و حکومەتـەکانی خۆرهـەلاتی ئاسـیا هەیـە، بـەو مەبەستەیە تا دارستانەکانی ئەو ناوچانە بپاریزن و تیکیان نەدەن. وەك چۆن هەمان فشار لەسەر ولاتانی

ئەمریکای باکوورو ئەوروپای خۆرئاوا هەیە تا بەهۆی پاشماوەی کارگە پیشەسازیە زەبەلاحەکانیانەوە، ژینگە پیس نەکەن و نەبنە هۆی کونکردنی چینی ئۆزۆن. هەروەها لە رووی ژمارەی دانیشتوانیشەوە پیویستە دەولەتان سیاسەتیکی نوێ بگرنەبەر، ئەوە بوو سالی ١٩٩٤ کۆنگرەی قاهیرە سنووریکی بۆ قەبەبوونی دیموگرافی و زیادبوونی دانیشتوان دانا.

هەرچەندە ئەمرۆ بەزەقی ئەوە دەبینین کە بیرۆکەی (سەروەری نیشتمانی) رەهای دەولەتان لەق بووەو وەکی خۆی نەماوەتەوە، بەلام ئەوەشی لەمرۆدا روودەدات وامان لیدەکات بلیین: جیهان لەبەردەم ئەگەریکی وادایە تا لە سبەینیدا زیاد لە هەرکاتیکی تر ببیتە خاوەن سەروەریەك.

سەرچاوە: الحیاة/ ژمارە (١٣٤٣٤).

## پۆست-کۆمۆنیزم لە ئەوروپا

پرسیاری (پۆست– کۆمۆنیزم) پرسیاریك نییە بۆ جیهانی عەرەبی هیچ گرنگییەی نەبێت.. ئەگەرچی ئەوە راستە کە وڵاتانی عەرەبیراستەوخۆ ئەزموونی کۆمۆنیزمیان نەناسیووە، بەڵام چەند وڵاتیکیان لەریی کۆدیتاو شۆرشەوە سستەمی سیاسی و ئابووری وەهایان بەخۆیانەوە بینیووە کەکەم تازۆر پەیرەوی دەسکەوت و تاقیکردنەوە کۆمۆنیستیەکانیان کردووە، بەتایبەت لەو بوارانەی پەیوەندیان بەسستەمی تاك حزبی و ئابووری بە بەرنامەو خۆمالیکردن و گرنگیدانی تەواو بە کەرتی گشتییەوە هەبووە.

لـــیرەوە پـــێ دەچیـــت پرســـیاری (پۆســـت کۆمۆنـیزم)، پرسـیاری سـاتەوەختی ئیسـتا بیـت لــە تەواوی ولاٚتانی عەرەبیدا. چونك لەکاتیکدا سـەرجەم ولاٚتـانی ئـەوروپای ناوەراسـت و خۆرهـەلاٚت پرۆسـەی خۆقوتارکردنیـان لـە کۆمۆنیزم بە ئـەنجام گـەیاندووە، کەچی سسـتمە سۆسیالیسـتییە عەرەبییـەکان کـە زر خوشکی سستمە کۆمۆنیستیەکانی یەکیتی سۆڤیەتی جارنن، هیچ یەکیکیان -بیجگە لەمیسر- هەنگاوی کی بەرچاویان نەناوە بەرەو (پۆست سۆسیالیزم).

تا ئیستاش سستمی تاك حزبی ریگرە لەبەردەم دیموکراسی داو، کەرتی گشتیش (سەرەرای فشـۆلی) هـــەر ستایشـــی ئـــایدیۆلۆژی دەکریـــت و دەولــــەتی بیرۆکراسی و تۆتالیتاریش بـەردەوام هـەموو دەسـت پیشـــخەرییە تایبەتییـــەکان رەتدەکاتـــەوەو کۆســـپە لەبـەردەم دروسـت بوونـی هـاولاٚتی و تاکەکەســـدا. گرنگی تاقیکردنـەوەی میژوویـی ئـەو حـەوت ولاٚتـەی ئـەوروپای خۆرهـــەلاٚت کـــە توانیـــان لـــە کۆمۆنـــیزم بینەدەرێ لیرەدایە. مەبەستمان لەو حەوت ولاٚتـەش ئەوانەیـە کـە سسـتمی سـۆڤیەتیان کۆپـی کردبـوو: بولگاریـا و هـەنگاریا و پۆلـەنداو رۆمانیـا و چیـك و سلۆڤاکیاو ئەلمانیای خۆرهەلاٚت.

یەکەمین شتێ لیرەدا جیی سەرنج بیت ئەوەیە ئەم حەوت ولاتەی کە پەیرەوی سۆسیالیزمیکی بەسۆڤیەتیکراویانکرد، بەهۆی داگیرکردنی راستەوخۆیانەوە لەلایەن سوپای سوری سۆڤیەتییەوە لە کۆتایی دووەم جەنگی جیهانیدا، زۆر زووتر خۆیان لە تەوقی کۆمۆنیزم راپسکان و خیراتر لەو ولاتانە لیی هاتنەدەری کە بە هیچ شیوەیەك سوپای سوور پیی نەنابووە ناویانەوە، نموونەکانیان وەك: (ئەلبانیاو یۆگۆسلافیای پیشوو). وەك ئەوەی بەلای ئەو ولاتانەوە ئاسانتر بوو بیت کە سۆسیالیزم وەك جەستەیەکی نامۆو دروستکراو ناوبینن.

دووەم تیبینی ئەوەیە؛ کە ئەو حەوت ولاتە بەیەك شیوەو لەیەك کاتی دیاریکراودا لە کۆمۆنیزم نەهاتنە دەرێ. ئەم ولاتانە لەبەر ئەوەی بواری ئەوەیان نەبوو ریگایەکی ناسیۆنالیزمانە بەرەو سۆسیالیزم بگرنەبەر ناچار بوون بەوەی تۆلەی خۆیان بە دۆزینەوەی ریگایەکی ناسیۆنالیستانە لە کۆمۆنیزم بکەنەوەو هەولی سەر لەنوێ چوونەوە ناو کەپیتالیزم بدەن. هەولیکی لەمجۆرە بەرەوتی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسییەوە دیاربوو. دوو هۆکاری سەرەکیش جلەوگیری ئەم رەوتەیان دەکرد:

یەکەم: بوون یان نەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن پێشتر لەو وڵاتانەدا.

دووەم: بارودۆخی ناوخۆیی پارتە کۆمۆنیستە حوکمرانەکان و هەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەوەوبەر، بەلگەیەك بوو بۆ ئەوەی بەرەو پێشچوونێك لە دروستکردنی کۆمەلگەی مەدەنیدا روویداوە. سەرەرای ئەوەی حیزبە کۆمۆنیستە فەرمانرەواکان دەیانویست دەسەڵات پاوانی خۆیان بێت، بەبێ بەشداریکردنی فیعلی هیچ هێزو لایەنیکیتر.

ئەو بزاوت و جموجۆلەو یاخی بوونانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٨٩ دا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات بەخۆیانەوە بینی، ئەوەی نیشان نەدەدا کە کۆمەلگەی مەدەنی وەك یەك و بەیەك ئاست بەرامبەر بە دەولەت گەشەیان کردووەو بەرەو پێشچوون.

بۆ نموونە ئەلمانیای خۆرهەڵات لەدەیەی هەشتاکاندا نەبێت هێزی ئۆپۆزسیۆن تیایدا ئامادەگی فیعلی و بەرچاویان نەبووە. ژمارەی ئەندامانی ئەو گروپە ئۆپۆزسیۆنە بچووکانەش بەهەر هەموویان لە دەتا پانزە هەزار کەسێك تێپەری نەدەکرد. بانگەشەی دیموکراسی لەناوەوەرا دەرفەتی هاووڵاتیانی ئەلمانیای دیموکراسی نەدەدا، بەلکو ئەوەی ئەو کارەی دەکرد (براکانیان) بوو لە ئەلمانیای

خۆرئاوادا. لە چیکۆسلۆڤاکیاش ئۆپۆزسیۆن تایبەت بوو بە دەستە بژێریکی رۆشنبیر (گەلالەنامەی ٧٧)و تیکەڵ بە چینی کریکاران نەبووبوو.

لەناو ئەم ولاتانەدا بەتەنها پۆلەندا (لەناوەراستی حەفتاکانـــەوە) بـــەرەو پیشـــچوونیکی بـــەرچاوی ئۆپۆزسـیۆنی بەخۆیـەوە بینـی، ئـەویش لـە ریگـای لیژنـەی هاریکـاریکردنی کریکـاران و پاشـان لـەریی ســـەندیکای (هاوکـــاری)یـــەوە کـــە نوینەرایـــەتی بزووتنەوەیـــــەکی کۆمەلایـــــەتی بـــــەرفراوانی دەکـردو ژمـارەی ئەندامـەکانی دەگەیشـتە دە ملیـۆن کەس.

لەبەر ئەمە بوو پۆلـەندا بەتەنها بـەر لـە هەرەسـی کۆمۆنـیزم چەندین گۆرانکاری و چاکسازی ئـابووری بەخۆیەوە بینی. ئەمە لە کاتیکدا چیکۆسلۆڤاکیا جگە لـە هـەولیکی شکسـت خـواردوو (لەبـەهاری پراگـی ١٩٦٨ دا)، هیچـــی دیکـــەی بەخۆیـــەوە نـــەبینی. رۆمانیاش لای خۆیـەوە لەبەر ئەوەی هیچ بزاوتیکـی کۆمەلایەتی تیایدا گەشەی نەکرد، ئەوا هیچ هەولیکی بۆ ریفۆرمـی ئـابووری بەخۆیـەوە نـەبینی. هـەر بۆیـە هـەنگاونانی بـەرەو دیموکراسـی زۆر خـاوو خلیچـك و درەنگ وەخت بوو. هەلومـەرجی بولغاریـاش وەك ئـەو ولاتانەی تر وابوو، بەر لـە سـالی ١٩٨٩ بزووتنـەوەی

کۆمەڵایەتی هیچ ئامادەگییەکی ئەوتۆی لەو وڵاتەدا نەبوو.

ئەمە هۆکاری یەکەم بوو. هەرچی هۆکاری دووەمیشە، ئەوا پەیوەندی بە گۆڕانی ناوخۆیی حزبە کۆمۆنیستەکانەوە هەبوو. لێرە پێویستە جیاوازی لەنێوان سێ حاڵەتەدا بکەین:

یەکەم: حاڵەتی ئەو وڵاتانەی کە حزبە کۆمۆنیستەکانیان هیچ ئاقارێکی ریفۆرمیستیان تێدا دروست نەبووبوو، هەر ئەمەش بوو(بۆ نموونە لە چیکۆسلۆڤاکیا) بووەمایەی ژێرەو ژوور بوونی حزبی دەسەڵاتدار لەساڵی ١٩٨٩ دا.

دووەم: حاڵەتی ئەو حزبانەی بەر لە رووداوەکانی ١٩٨٩ باڵی ریفۆرمیستیان تێدا دروست بوو. نموونەی وەك حزبی کۆمۆنیستی پۆڵەندی و حزبی کۆمۆنیستی هەنگاری، هەر ئەمەش وایکرد لەم دوو وڵاتەدا حیزبی کۆمۆنیست بتوانێت ریگا چارەیەکی مام ناوەندی لەنێوان دەسەڵاتدارانی پێشوو ئۆپۆزسیۆندا بدۆزێتەوە.

سێیەم: حاڵەتی ئەو حزبە (کۆنکریتیانە)ی دژایەتییەکی توندی سیاسەتە چاکسازییەکانی (گۆربـاچۆڤ)یان دەکردو تادوا چرکەش ئامادە نەبوون دەستبەرداری دەسەلاتی حوکمرانی خۆیان

بـن. هـەر بۆیـە لـە رۆمانیـاو بولگاریـادا بـەبریاریکی (سـەرەوە) لـە کۆمۆنیزم هاتنـە دەرێ و لـە ئـەلمانیای خۆرهـەلاتیش بـەخۆ دەسـتەوەدان بـە ئـەلمانیای خۆرئاوا شکایەوە.

لـیرەوە جیـاوازی نیـوان نموونـەی رۆمانیـا و پۆلـەندا، ئامـاژەو دەلالـەتی تایبـەتی خۆیـان هەیـە. ئەوەتا (چاوشیسکۆ) زۆر کەللەرەقانـە هـەموو جـۆرە دانوسـتانیك رەتدەکاتـەوە، ئەمـەش دەبیتەمایـەی لەدەستدانی ژیـانی، بەلاّم ژەنـەرالّ (جارۆزلسکی) کە دەسـتیکی بـالاّی لەسـەرکوتکردنی ئۆپۆزسـیۆنی پۆلـەندادا هـەبوو، لـە دواسـاتدا بـەخۆی راگەیشـت و توانی لـەریی دانوسـتان و دابەشـکردنی دەسـەلاّتەوە سـەر سـەلامەت و رووسـورانە بیتـەدەری. سـەرەنجام حزبـی کۆمۆنیسـت ٦٥٪ کورسـیەکانی ئەنجومـەنی نوینـەرانی بـۆ مایـەوەو لـە ٣٥٪ دیکەشـی بەرپارتـە ئۆپۆزسـیۆنەکان کـەوت، هـەرچی کورسـیەکانی ئەنجومـەنی پیرانیشـە لەلایـەن ئۆپۆزسـیۆنەوە کۆنترۆلکران.

جیاوازی لـەنیوان پۆلـەنداو رۆمانیـادا گەیشـتە ئـەو ئاستەی (جارۆزلسکی) کـەبۆ سـەرۆکایەتی ولاّت هەلبژیردرا، سەرەرای ئەوەی ئەمینداری گشتی حزبی کۆمۆنیسـتیش بـوو، سـالی ١٩٨٩ ئـەندامانی

ســەندیکای هاوکــاری بانگهیشــت کــرد بــۆ ئـــەوەی دەســەڵات بگرنــە دەســت و بەســالیك داوی ئــەوەیش دەستی لەکار کیشایەوە.

ئەم هەولـە تایبەتیـەی کە پابەندی نموونەیـەکی لەوەوپیشتر نەبوو بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسـی و پلورالـیزمی سیاسـی، لــەو ئەگــەرە ئابووریانەشــدا بەدەرکـەوت کـە هـەر حـەوت وڵاتەکـە لـە سـالی ١٩٩٠ تاقیانکردەوە (بەڵام بە ئاستی جیاواز لە یەکتری)، بە مەبەستی رزگارکردنی ئابووری نەتـەوەیی لە چنگـی سیاســـەتی ئــابووری نائەقلیانـــەو ریٚ خۆشـــکردن لەبــەردەم ئــەو هەولــە فــەردی و دەســـتەجەمعیانەی بەرپرســـانە رەفتـــار دەکـــەن، ئـــەویش لـــەریگای دەســـتەبەرداربوون لـــە سیاســـەتی خۆمـــالیکردن و گواستنەوە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت.

دەکریــت بلیــن چیکۆسـلۆڤاکیا توانــی جــۆرە ریگایـەکی نەتـەوەیی بدۆزیتـەوە بـۆ ئـەوەی کـەرتی گشتی بەکەرتی تایبـەتی بگۆریـت، ئـەم پرۆسـەیەش بــەوەکرا کــە ٩٢٪ هاووڵاتیـانی چیکــی و ســلۆڤاکیا بەشداریان تیداکرد، لەکۆی ٤٤٠٠ پرۆژەی ئەو وڵاتـە ٣٤٠٠ درانە کەرتی تایبـەت و سندوقی نەتـەوەیی بۆ مولکایـەتیش لـەکۆی بـەهای ئـەو پرۆژانــەی وەکــی گەرەنتیـــەك تـــەرخانکراوە بـــۆ بەهەدەرنـــەدان و

پاراستنیان لە فەوتان، تەنیا ٢٠٪ لە دەستی خۆیدا هیشتەوە.

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی ئابووری ئەلمانیای خۆرئاوا کەپەیرەوی نموونەی ئەلمانیی خۆرئاوایان دەکرد، دوو دڵ نەبوون لەوەی دەست لە پرۆژە دۆراوەکان هەلگرن و (لەکۆی ١٢٣٠٠ پرۆژی ٣٧٠٠ پرۆژە بکەنە کەرتی تایبەت)، ئەمەش رسیک کردنیک بوو کە ریژەی بیکاری لەو ولاتەدا گەیاندە دوو هیندەی کۆماری چیك و سلۆڤاکیا.

هەرچی پۆلەنداشە کەسەندیکا کریکاریەکان ئامادەییەکی بەرچاویان هەبوو، زۆر دودڵ بوو لە گۆرینی پرۆژەکان لە کەرتی گشتییەوە بۆ تایبەت. لە کۆی پرۆژە گشتییەکانی ئەو ولاتە کە ژمارەیان ٥٢٠٠ پرۆژەیە، تەنیا ٦٥٪ درانە کەرتی تایبەت، ئەویش لە پیناو بەرزنەبوونەوەی ریژەی بیکاری و راگرتنی ئارامی باری کۆمەڵایەتی.

بەڵام پۆلەندا لەبەر ئەوەی بەهۆی گەشەی بەهیزی کۆمەلگەی مەدەنیەوە برواو متمانەی بەخۆی هەبوو، چاونەترسانەتر لە تەواوی ولاتانی ئەوروپای خۆرهەلات دەرگاکانی لەبەردەم سەرمایەی بیانیدا کردەوە. تاکۆتایی سالی ١٩٩٦ بری ٥٤٣٥ ملیۆن دۆلار سەرمایەیبیانی هاتە ئەو ولاتەوە، بەڵام ولاتانی

تـــری ئـــەورووپای خۆرئـــاوا کـــە بەدەســـت فشـــاری بیرۆکراســـیەوە گـــیرۆدە بـــوون تـــەنیا ٥/١ لـــەو بـــرە سەرمایەی پۆلەندایان هینایە وڵاتەکانیانەوە.

بۆ نموونـە تـا سـالی ١٩٩٦ بولگاریـا و رۆمانیـا ریگـەیاندا تـەنیا بـری ٤٤٦ و ١٢٤٥ ملیـۆن دۆلار بیتـە وڵاتەکانیانەوە.

بـەڵام دواجـار ئەقلانیـەتی ئـابووری و هـەروەها کرانـەوەش بوونـە ئـەمری واقـع و خۆیـان سـەپاند، ئـەوەبوو لەسـالی ١٩٩٧ بولگاریـا و رۆمانیـا ٤٨٩ و ١٢١٥ ملیـۆن دۆلاریـان بـۆ هات، ئەمەش برەپارەیەکـە بەقەد کۆی ئەو برە پارەبیانیانـە دەبیـت کە لـە ١٩٩٠ وەتا ١٩٩٦ هاتۆتە ئەو دوو وڵاتەوە.

سەرچاوە: الحیاة/ ژمارە (١٣٣٢٩).

## کۆتایی (تالیبان)

دەربـــارەی ســـەردانەکانی بـــۆ بلوجســـتان و ئەفغانستان و بنجاب، بەر لەوەی لە سالی ١٨٣٩ لە لایـــەن بـــەریتانیاوە پـــەلاماربدریت، گـــەریدەی بـەریتانیایی (چـارلز ماسـۆن) دەگیریتـەوەو دەلیـت: (ئەوەی بە موسلمانانی هیندو ئیران و تورکیاو حوکم و بریارە ئایینییە پیشوەختەکانیان و سەرچاوەی رك و بیزاری ئەوان ئاشنابیت، بێ قەید و مەرج سـەری سوردەمینێ کە دەبینێ دانیشتوانی کابول هیچ یەك لەو خەوش و کەموکوریانەیان تیدا نییە، بەلکو ئەوان

زۆربەریزەوە دیانەکان بە ئەهلی کیتاب دەزانن و لە کابولدا دەبینیت زۆریک لە ئەرمەنییەکان پەیوەندییەکی چونیەك و هاوسەنگیان لەگەڵ موسلمانەکانی ئەو شارەدایە هەیە). کەواتە ئیستا چۆن چۆنی دەتوانین ئەوە لیکبدەینەوە کە ئەفغانستان دوای سەدەو نیویك لەسەر ئاستی جیهانی، بووە سمبولیکی بیزراوی داخرانی ئایینی و دەمارگیری مەزهەبی و توندرەوی ئسولی؟

وەڵامیکی حازربەدەست کە خۆی فەرزبکات، ئەوەیە کە هۆکاری ئەو وەرگۆرانەن تالیبانە. بەڵام خودی تالیبان بەر لە سالی ١٩٩٤ بوونیان نەبوو لەو ولاتەدا، هەر بۆیە دەبیت لە بری ئەوەی شتەکان بەتالیبان تەفسیربکەین، خودی تالیبان خۆیان پیویستیان بەوە هەیە تەفسیربکرین. لەبەر ئەوەی تالیبان دیاردەیەکی سروشتی ئەفغانی نین، هیندەی نموونەیەکن بەرهەمی دیاردەیەکی دروستکراون.

سەرەتای (تالیبان) دەگەریتەوە بۆ (مەلا عومەر)، ئەم پیاوە کە بنەچەیەکی جوتیاری سادەو ساکاری هەیەو سالی ١٩٥١ لەیەکیك لە گوندەکانی ناوچەی قەندەهار (لە کتیبەکانی کەلەپوردا -کەندەر-ی پێ دەلین) هاتۆتە دنیاوە، هەر لە سەرەتای لەشکرکیشییەکەی یەکیتی سۆڤییەتەوە بۆ

ئەفغانستان، پەیوەندی بە بزووتنەوەی چەکداری ولاتەکەیەوە دەکات و زۆریش نابات دەگاتە پلەی موقەدەم. دوای ئەوەی بەخەستی بریندار دەبیت و چاویکی لە دەست دەدات، ناچار دەبیت لە شاری پیشاوەری پاکستانی کە نزیك بە سنوورەکانی ئەفغانستانە جیگیر بیت. لەویدا دەستدەکات بە خویندنی فیقهوزانستی ئوسلی ئایین و نازناوی (مەلا) وەردەگریت، پاشان هەر دوای ئەوە لە ناوچەی قەندەهار دەستدەکات بە کردنەوەی قوتابخانەیەك، هاوشیوەی هەزاران لەو قوتابخانە ئایینیانەی لە سەرتاسەری پاکستاندا هەبوون. ئەم قوتابخانانە رۆژبەرۆژ ژمارەیان لە زیادبووندا بوو تا لە دە هەزار قوتابخانە تیپەریکرد. هەموو ئەمانەش لە پیناو مۆبیلیزەکردنی ئایینی و بەرخوردیکی کلتووریانەدا بوو، دژ بە داگیرکاری سۆڤیتییەکان لە ئەفغانستانی دراوسییاندا.

لەوانە بوو "مەلا عومەر" تەنیا وەکی بەریوەبەری خویندنگەیەکی قورئان بمابایەتەوە، گەر بهاتایە لەو ماوەیەدا ١٩٩٣-١٩٩٦ "بەنازیر بۆتۆ" جلەوی دەسەلاتی لە پاکستاندا نەگرتایە دەست. "بەنازیر"ی کچی سەرکردەی میژوویی "زولفەقار عەلی بۆتۆ" و سەرکردەی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی

پاکستان کە لەسەر عەلمانییەکان ماڵ بوو، لەو کاتەدا و بۆ رووبەرووبوونـەوەی نـەیارە سیاسـییەکانی لـە وڵاتدا، پێویستی بەوە بوو شەرعیەتی خۆی لە رووی ئایینییـەوە زیـاتر و زۆرتـر بسـەلمێنێ. بـەمجۆرە هاوپەیمانیتی لەگەڵ (کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی)دا بەست کە نەیاریکی سەرسەختی (کۆمەلی ئیسلامی) بـوو، (کۆمـەلی ئیسـلامی) یـش لای خۆیـەوە هاوپەیمانیکی ئایینی دیکتاتۆری پێشووی پاکستان ژەنەراڵ "ضیاء الحق" بوو.

رابـەری (کۆمـەلی زانایـانی ئیسـلامی) مـەولانا "فضـل الرحمـن"، پەیوەندییـەکی تونـدو تۆڵـی بـە سوپاو دەزگای ئیستخباراتی سەربازی و بـەوەزیری نـاوخۆ "نصـر الله بـابد" ەوە هـەبوو کـە بـە رەگـەز پەشتۆنی بوو.

بە هاوکـاری نێـوان ئـەم سـێ لایەنـە بریـاریکی سـتراتیژی درا بـە بـەکارهێنانی کـارتیکی نـوێ لـە ئەفغانستاندا، بە تایبـەتی پاش ئەوەی ئەو وڵاتـە لـە دوای کشانەوەی سوپای سووری سۆڤیتییەوە، بووە گۆرەپانی شـەریکی خوینـاوی سەرتاسـەری لـەنیوان میلیشیا ئیسلامییەکاندا.

تـا سـالی ١٩٩٣ "قەلبـەدین حیکمـەتیار"ی سـەرکردەی حزبـی ئیسـلامی کـە زۆربـەیان لـە

پشتۆنییەکان بوون، پیاوی یەکەمی پاکستانییەکان بوو لە ئەفغانستاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی "حیکمەتیار" سەرەرای هەموو ئەو یارمەتیانەی پاکستان بە دریژایی بیست ساڵ پیشکەشیکردن نەیتوانی دەسەڵات لە سەرۆکی بەرەچەڵەك تاجیکی "بورهانەدین رەبانی" کە هاوپەیمانی "شامەسعود" بوو وەربگریت و ئەفغانستان یەك بخاتەوەو بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە، بریاردرا دەستبەرداری بن و کەسیکی نویّ لە جیی دابنین کە بەدوور بووبیت لە هەموو بەد رەفتاری و خراپەکاریانەی کە مییشیا چەکدارەکانی ئەفغانستان ئەنجامیاندا بوو، چونکە دواجار ئەو چەکدارانە بوو بوونە کۆمەلیك چەتەو ریگر و کارو پیشەیان بوو بووە کوشتن و ئاودیوکردن و لاقەکردن و سەندنی سەرانە لەسەدان شۆفیری ئەو لۆرییە بارهەلگرانەی لە سنوورەکانی نیوان پاکستان و ئەفغانستاندا خەریکی کارکردن بوون.

هەنگاوی یەکەمی ئەم وەرگۆرانە ستراتیژییەش پیکدادانیکی نیوان شۆفیری میلیشیا چەکدارەکانی ناو قەندەهار بوو،لەم سەروبەندەدا "مەلا عومەر" و خویندکارەکانی بەشداری ئەو مەسەلەیەیان کرد بۆ ئەوەی ئاستیك بۆ سەرەرۆیی و کارە نابەجییەکانی ئەو میلیشیانە دابنین.

بــهمجۆره بزووتنــهوهی (تالیبــان) هاتــه ئــاراو بهخێراییـــــهکی ســــــهیر تهنییـــــهوهو لهگــــــهڵ دهستبهکاربوونیشیاندا بـهلێنی ئـهوهیان بـه خـهڵکی ئهفغانســـتان دهدا کـــه لــه دهســـت ئـــهو پشـــێوی و نائارامیهی رابردوو قوتاریانبکهن، ئهم کارهش بهلای بزووتنهوهیـهکی تـازهی وهکـی تالیبانـهوه هێندهگـران نـهبوو، بهتایبـهتی کـه لهلایـهن دهزگـای ئیسـتخباراتی پاکسـتانهوه بـه پـارهو چـهك و هـێزی سـهربازیهوه پشتیوانی دهکراو توانی له ماوهیـهکی کورتخایـهندا سهرکهوتنی گهورهو خێرا بهدهست بهێنێت. ئهمهش بهس بوو بۆ ئهوهی ئهفغانییـهکان ئومێـدی ئـهوهیان پێیــان هــهبێت، تــا لــهو ههلومهرجــه ناهــهمواره قوتاریانبکهن.

گروپه چهکداره پهشتۆنییهکان بههۆی ئینتمای ئهتنیکی و ههروهها بههۆی ههلپهرستییانهوه دایانه پـــاڵ تالیبـــان، تهنانـــهت ئهفســـهره کۆمۆنیســـته کۆنهکانیش پهیوهندییان پێوهکردن و چهندین تۆپ و زرێپۆشـیان تهسـلیمکردن. لــه شــهرێکی کتوپــر و لهناکاودا تالیبان توانی بههێز و تفاقێکی سـهربازی زۆرتــر و هاوپـــهیمانێتی تـــازهترهوه، خۆرئـــاوای ئهفغانسـتان داگیربکـات و دهســت بهســهر (هــراة) دا بگرێـت. هــهروهها کــابلۆی پایتهختیشـیان کهوتــه

دەست، لە پاش ئەوەی هێزەکانی "بورهانەدینی رەبانی و ئەحمەد شا مەسعود" بەبی شەر شارەکەیان چۆلکرد و کشانەوە. بەڵام "مەلا عومەر" هەر بە تەنیا داشی دامە نەبوو، بەلکو لە هەمان کاتیشدا خاوەنی پرۆژە بوو. ئەوەبوو هەر هێندەی هێزەکانی چوونە ناو کابولەوە، ئیتر خۆی کردە (امیر المؤمنین) و دەستی بە دارشتنی بنەماکانی دەولەتێکی ئیسلامی کرد.

سالی ١٩٩٧ لە دیدارێکی رۆژنامەنووسیدا "مەلا عومەر" بەم شێوەیە سروشتی کۆمارە یۆتۆبیاکەی دەستنیشانکرد: (تالیبان دەتوانیت ببێتە نموونەیەك بۆ تەواوی گەلانی ئیسلامی، ئەو قسەیە راست نییە کە دەلێت جگە لە نموونەی خۆرئاوا نموونە یەکێتر لە ئارادا نییە.. جیهانی خۆرئاوا خۆی لە قۆناغی کۆتایی و گیانەلادایەو بانگەشەی ئەوەدەکات کە پێویستی بە یەزدان نییە. ئەوەی راستی بێت سەرزەمینی خۆرئاوا جگە لە مەملەکەتی شەیتان هیچیتر نییە، رووداوی گەورە و گرنگ لەمرۆدا دروستکردنی کۆمپیوتەرو ئامێرە پوچەکانی هاوشێوەی نییە، بەلکو نوێکردنەوەی ئیسلام و سەرلەنوێ تازکردنەوەی پەیامەکەیەتی کە بریتییە لە: قوتارکردنی جیهان لەو جاهلیەتەی تێی کەوتووەو

لەگـەل سـەرلەنوێ بەشارسـتانیکردنەوە مرۆڤایـەتی پاش ئەوەی چووبووە دۆخیکی بەربەریانەوە).

لـە چوارچێـوەی ئـەم نویکردنـەوە تیۆلۆژیـەدا شتیکی ئاسایی بوو کە وەزارەتی (الامر بالمعروف و النهي عن المنكر) دابمەزریت و ئەولەویـەتی رەهـای هـەبیت، ئیتر ئەو ریو شـوینانەی حکومـەتی تالیبـان دەگیریتەبـەر خەسـلەتیکی سیاسـی یـان ئابوورییـان نابیت، بـەلکو سـەرلەبەریان سروشـتیکی ئـەخلاقیان دەبیت.

تالیبـان لەگـەڵ دەسـت بـەکاربوونیان و بـەر لـە هەرشـتێ، دەسـتدەکەن بـە قەدەغـەکردنی سـینەماو تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و ریگەگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی و سـەماکردن -تەنانـەت گـەر سـەماکەرەکانیش پیـاوان بن-. هەروەها سانسۆر دەخەنەسـەر حـەزو ئارەزووی گەورە لای ئەفغانییەکان و مندالەکانیان کە ئەوانیش کۆتربازی و هەلدانی کۆلارەیە. تالیبان هەر بەوەندەوە نەوەستان و کەوتنە داخستنی گەرماوە گشتیەکان و ناچارکردنی پیاوان بەوەی سەریان بتاشن و ریشیان دریژبکەنـەوە، بـە جۆریـک دریـژی لـە بسـتیک کـەمتر نەبیت.

هاوکات پیویستە زیناکاران سزای رەجمکردنیان بەسەردا جیبەجیبکریت و ئەو پیاوانەشی دزیدەکەن

دەستی راست و قاچی چەپیان ببریتەوە. دواجاریش دەبیت ژنان بەرگی (شادری) بپۆشن، (شادری جلوبەرگیکە هەموو گیان دادەپۆشیت لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پی و تەنیا کونی چاویان بەدەرەوە دەبیت). ژنان لەگەڵ پۆشینی ئەو بەرگەشدا نابیت بەبێ پیاویکی مەحرەم بچنە دەرەوە و ریگەشیان پی نادریت بخوینن و کاربکەن تەنیا لە بواری پزیشکی ژناندا نەبیت. ئەم بریارەی دواییان بەشیوەیەکی تایبەت کاریگەری گەورەی لەسەر ژنانی کابوڵ هەبوو، چونکە ئەو ژنانەی لەو شارەدا بیوەژن کەوتبوون و میردەکانیان لە شەردا کوژرابوون، ژمارەیان دەگەیشتە پەنجا هەزار و ریگرتنی کارکردن لەم ژمارە زۆرەش مانای خولقاندنی بارودۆخیکی تراژیدی و ترسناك بوو.

تالیبان تەنیا دوو چالاکی ئابووریيان لەو ولاتەدا قەدەغە نەکرد، ئەویش چاندنی حەشیشە و ئاودیوکردنی بوو.. بەرهەمی تلیاك کە باجی حکومی دەیگرتەوە، لەنیوان سالی ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٩ بری بەرهەمهینانی لە ٢٢٥٠ تەنەوە زیادیکرد بۆ ٤٦٠٠ تەن. ئاودیوکدنی ئامیرەکانی وەك (جلشۆرو تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و کامیرای وینەگرتنی یابانی و تەنانەت جلی ژیرەوەی ژنانەش) بۆ پاکستان، بەپیی

راپۆرتـــی ســـەرچاوە رەسمییـــەکان زەرەرو زیـــانی گومرگیان بەبری سێ بلیۆن دۆلار لە سالیکدا مەزەندە دەکەن.

بـەڵام لەگــەڵ هـاتنی سـالی ١٩٩٧ دا ئاراسـتەی مامەلەکردنی تالیبان دەستی بە گۆرانکاریکردو هـەر لەو سالەدا ریپیوانی ریکخراوەکانی ژنانی ئەمریکا دژ بەو ریوشوینە سەرکوتکەرانەی تالیبـان لـە بەرامبـەر ژنانی ئەو ولاتەدا گرتبوویەبەر، دەستیپیکرد. ئەمەش دەسـەلاتدارانی ئـەمریکای روگـیرکردو لەلایـەن ئـەو ریکخراوانەوە بەوەتاوانبارکران کە یارمەتی تالیبـان دەدەن و پشتیگیرییان لیدەکەن.

بۆیـە ولاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار بـوو لەسـەر زمـانی "مـادلین ئۆلـبرایت"ی وەزیـری دەرەوە "نــەواز شــەریف"ی ســـەرەك وەزیرانـــی ئەوســـای پاکستان وریا بکاتـەوە، لەوەی کە دەبیت ولاتەکـەی سنووریك بۆ ئەو یارمەتیانە دابنیت کە پیشکەش بە ئەفغانستانی دەکات، بەلام گۆرانی لەوە گـەورەتر ئەو کاتـە رویـدا کـە پـەیوەندی "مەلا عومـەر و ئوسامە بـن لادن" بـۆ هـەمووان ئاشـکرا بـوو. لـەم پەیوەندییــەدا "مــەلا عومــەر" کـــەوتبووە ژیـــر کاریگــەری زۆری بۆچوونـــی "بـــن لادن" ســـەبارەت بـــە جیـــهادی سەرتاسەری و بەپیی ستراتیژیەتی "بن لادن" دەبوو

ســــەرەرمی ئـــەو جیـــهادە ئاراســـتەی ولاّتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکریت، بەو پیپەی ئەو ولاّتە گەورەترین دوژمنی ئیسلامە.

"بن لادن" دوانەکەوت لەوەی ئەم قسانەی بکاتە کـردار و ئـەوەبوو لـە ئـابی سـالی ١٩٩٨ هەسـتا بـە تەقاندنەوەی هەردوو بالویزخانەی ئەمریکا لە کینیاو تانزانیـا، ولاّتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکاش لای خۆیـەوە دەسـتبەجێ بەرپرسـیاریتی تـەواوی ئـەو کیشـانەی لـە دەرەوە رووبـەرووی سیاسـەتەکانی ئەمریکا دەبوونەوە، خستە ئەتسۆی "بن لادن" و لەم مەسەلەیەدا ئەویان تاوانبارکرد.

لەلایـەکی تـرەوە پاکسـتانییەکان ترسـیان لـە بـەتالیبانکردنی ولاّتەکـەیان پـەیداکرد، چونکـە کاریگەری ئایدیۆلۆژیای جیهادی تـا دەهات زیـادی دەکرد و پەتای (سەرلەنوێ بـە ئیسـلامیکردنەوە)ش چەندین دیـاردەی ژیـانی لـە شـارەکانی پاکسـتاندا گرتەوەو چەندین کـاری توندوتیـژی ترسـناکیش لـە نیـوان سـونە مەزهـەب و شـیعە مەزهەبـەکانی ئـەو ولاّتەدا سەریان هەلدا، شیعەکانی پاکستان ٢٥ ملیۆن کەسـن لـە کـۆی ١٣٠ ملیـۆن کـەس کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەو ولاّتەیـە. بیگومـان هـەموو ئەمانـە هۆکـاریکی گرنگبـوون بـۆ ئـەوەی ژەنـەراڵ "پـەرویز

موشــەرەف" لــە تشــرینی یەکــەمی ســـالی ١٩٩٩ دا کۆدەتایـەك بەسـەر (نەواز شـەریف)دا بکـات، چونکـە پاکستان لەبەردەم مەترسی ئەوەدا بوو کە لە گەمەی ئەفغانستاندا لە نەخشە داریژەرەوە ببیتە قوربانی.

هەر بەتەنیا ئەم گۆرانە لە هەلویستی پاکستاندا نەبووەمایـــەی ئـــەوەی ئاســـتیك بـــۆ هەلکشـــان و پەلهاویشتنی زیاتری بزووتنـەوەی تالیبـان دابنیـت، بـەلکو لـەناو خۆشـدا نیشـانەی کـەرتبوون و نـاکۆکی نیـــوان پەشـــتۆنییەکان و ئەفغانـــە عەرەبـــەکان سەریهەلدەدا.

فەیلەقـــە عـــەرەبی و ئینتـــەر ناســـیۆنالیزمە ئیسلامیەکەی "بن لادن"، ژمارەیان گەیشتبووە نیوان (١٠-١٢) هەزرا چەکدارو ئەم هیزە سەرکردایەتی ئەو شـەرە بـەردەوام و دریژەخایەنـەی دەکـرد کـە لـە دژی پاشماوەکانی هیزەکانی هاوپەیمانی باکوور لە ئارادا بوو.

گرنگترین نیشانەی تیکچوونی پـەیوەندی نیـوان ئـەفغان و ئەفغانـە عەرەبـەکان، ئـەوەبوو کـە عەرەبـەکان لـە ریـزی پشـتەوە دادەمـەزران و لوولـەی چەکـەکانیان ئاراسـتەی پشـتی ئەفغانـەکان دەکـرد کـــە لـــە ریـــزی پیشـــەوە بـــوون، بـــۆ ئـــەوەی لـــە حالـــەتی هەلـــهاتن و پەیوەندیکردنیان بە هاوپەیمانیتی باکووورەوە لییان

بینـە دەسـت و گوللـە بارانیـان بکـەن. بیگومـان ئـەم ناکۆکییە ناوخۆییانە دەست لە زووتر هەرەسهینانی بــەرەی موجاهیدەکــاندا هــەبووە، هــەر لــە مــەزار شەریفەوە تا کابول و قەندەهار و شوینەکانی دیکەی ئەفغانســتان. لەســەرجەم بــەرەکانی شــەردا ئەفغانییەکان دەستپیشخەربوون لە خۆ بەدەستەوەدان و عەرەبەکانیش تادوا نەفەس شـەریاندەکرد، رەنگـە هـەرەس و شکسـتی راسـتەقینەی پرۆژەکـەی "مـەلا عومەر- بن لادن" یش لیرەدا بیت.

هیـچ کـەس پیشـبینی ئـەوەی نـەدەکرد "مـەلا عومـەر و بن لادن" بتوانن تاسـەر خۆیـان لـە بەرامبـەر ئەمریکییــەکان و تــەکنۆلۆژیا ســەربازییە زۆر پیشکەوتووەکەیاندا رابگرن و سەرکەوتن بەسەریاندا بەدەست بینن، بەڵام کەسیش چاوەروانی ئەوە نەبوو هەروا زوو هاوپەیمانی نیوانیان لـەناوخۆدا هـەرەس بهینیّ و دووچاری شکست بیت. بۆیە دەکریت بلیین شەری ئەفغانستان هەر بە تەنیا کۆتایی بە دەسەڵاتی تالیبـان نـەهینا، بـەلکو لەگەلیشـیدا ئایدیـای ئنتـەر ناسۆنایزمی ئیسلامیشی هەرەس پیهینا!

سەرچاوە: الحیاة، ژمارە (١٤٢٤١)

**George Tarabishi**

# MODERNISM & RACISM

***Translated by:***
***Shiwan Ahmed***

١١٤ جۆرێ تەرابیشی

2003